# میكانیزمی خەیاڵ لە ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەكانی خەیاڵ"

م.ی. ڕێبوار محمد اسماعیل
زانكۆی سەلاحەددین
كۆلێژی پەروەردە
بەشی زمانی كوردی

## پوختە

ئـەم توێژینەوەیـە، ڕێگایەكـە بـۆ خسـتنە ڕووی كاریگـەری میكـانیزمی لادان لـە واقیعـدا و ڕوو كردنـە میكانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵكردن لە ڕۆمانی (غەزلنوس و باغەكانی خەیاڵ)ی (بەختیار عەلی)دا. لێرەدا ئاماژە بە هێزی خەیاڵ، وەك یەكێك لە ڕەهەندە نافیزیكییەكانی مرۆڤ كراوە، كە ڕۆڵی گرنگی لە بواری سایكۆلۆژی و ئەدەبی و هونەریدا هەیە، واتە خەیاڵكردن تەنیا وەكو خووێكی سروشتی مرۆڤ سەیر ناكرێت، بەڵكو مەبەست لە خـەیاڵكردن، ئەو خەیاڵە بەرهەمهێنەیە، كە لە لایەك لـە ڕووی سـایكۆلۆژییەوە میكانیزمێكـە هەڵدەسـتێت بـە گەڕاندنـەوەی بـاری هاوسەنگی دەروونی بۆ مرۆڤ، لە ڕێگەی قەرەبووكردنـەوەو تێركردنـی حـەزوو ئـارەزووە چـەپێنراوەكان، لـە لایـەكی تریشەوە ئەو هێزەیە، كە سەرچـاوەیەكە بـۆ لێكـدان و دروسـتكردنی وێنـەو گوزارشـتی نـوێ و داهێنـان و بەرهـەمی ئەدەبی و هونەری.

لەو چوارچێوەیەشدا میكانیزمی خەیاڵكردن لە ناو ڕۆمانی (غەزلنوس و باغەكانی خەیاڵ)دا بـوونێكی گـەورەی هەیـە، كە تیایدا نوسەر لە ڕێگـەی كاراكتـەرە جیاجیاكانـەوە ئامـاژەی بـەهێزی خـەیاڵ كـردووە و ئـەو بەرهەمـە هونـەری و ئەدەبیانە دەخاتە ڕوو، كە كاراكتەرەكان لە ڕێگەی میكانیزمی خەیاڵكردن داهێنانیان تێدا كـردووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا تیشـك خراوەتـە سـەر جیـاوازی سـایكۆلۆجییەتی ئـەو كەسـایەتییەی، كـە خـاوەنی هێـزی خەیاڵـە و لەگـەڵ ئـەو كاراكتەرەی، كەوا خەیاڵی بەرهەمهێنی نییە، لەگـەڵ ئـەو ئامـانج و مەبەسـتە جیاجیایانـەی، كـە نووسـەر لـە ڕێگـەی خەیاڵی كاراكتەرەكانەوە ویستوویەتی بیان خاتە ڕوو.

## پێشەكی

بۆ تێگەیشتن لە خەیاڵ، پێویستە لایەنەكانی پەیوەست بە خەیاڵی مرۆڤ بخەینە ژێر تێڕامان و بـاس كردنـەوە و كـاركرنێكی زانسـتیانە لەسـەر چـەمكی خـەیاڵ بكـەین. لەمەشـەوە ڕۆڵ و بایـەخ و گرنگـی هێـزی خـەیاڵمان بـۆ دەردەكەوێت، كە جیهانی خەیاڵ، یاخود ئەو ئەركـەی خـەیاڵ پێـی هەڵدەسـتێت تەریبـە لەگـەڵ ڕەهەنـدەكانی تـری سایكۆلۆجی و فیزیكییەتی ژیان لە پەروەردە كردنی مرۆڤ و بەڕێوەبردنی مرۆڤ لە بازنەی ژیاندا. لێرەشـەوە ئـەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە هیزی خەیاڵ كاریگەری لەسەر نەخشەی هەڵس و كەوت و چالاكی تاك هەیە لە جیهانـە حـەقیقی و كۆمەڵایەتییەكەیدا، جگە لـەوەش كاریگـەری لەسـەر ژیانـە سایكۆلۆجییەكەشـیدا هەیـە، وەك بـەدیهێنانی ئامـانج و تێركردنی ویست و ئارەزووەكانی.

کاتێ مرۆڤ لە ژێر دەستەڵاتی عەقڵ و جیهانی حەقیقەت دوور دەکەوێتەوە و دەست بەرداری پێوانە کردنی بابەت و ڕەهەندەکانی ژیان و هێزی لۆژیك دەبێت بە پێوەرە عەقڵییەکان، جا بە هۆی هەر هۆکارێکەوە بێت، ئەوا دەبینین کە توانای مرۆڤ بۆ تێگەیشتن و دۆزینەوەو چارەسەرکردنی کێشەکان کەم دەبێتەوە، هەروەها گەیشتن بە مەبەست و ئامانجەکان دەکەوێتە دۆخێکی دژوارەوە. ئەمەش وا دەکات، کەوا بۆشاییەك لە لای مرۆڤ دروست ببێت و لە هەمان کاتدا ڕەمەکی ئیرۆس پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ بەردەوامبوون لەژیاندا و پڕکردنەوەی بۆشایی دروست بوو بە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان. لێرەدا مرۆڤ بە دوای جێگرەوەیەکی تردا دەگەڕێت، تاوەکو جێگای لۆژیك و عەقڵ بگرێتەوە، ئەو جێگرەوەیەش خەیاڵە، کە هاوشانی عەقڵە و بە جۆرێکی تر کار بۆ مرۆڤ دەکات، مرۆڤیش لەم بارەدا خەیاڵ دەکاتە ڕێگەیەکی نوێ بۆ بنیاتنانەوەو دۆزینەوەو چارەسەرکردن و پێوانەکردنی پێویستییەکان و لایەنەکانی ژیان، بەم جۆرە تاك ئاوێتە دەبێت لەگەڵ دنیای خەیاڵدا و ئەو دنیایە دەکاتە پێوانە و پەنایەك بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و حەزو ئامانجەکانی خۆی پێ دەهێنێتەجێ.

پرۆسەی خەیاڵ کردن وەك ڕەهەندی نافیزیکیانەی تاك بەرهەمی لەو جیهانە حەقیقەتە دەردەکەوێت، کە ئەمەش لە تواناو رەوشت و مامەڵەی تاك و چالاکی و بەرهەم و داهێنانی عەقڵی تاك خۆی دەبینێتەوە. جیهانی خەیاڵی مرۆڤ و پرۆسەی خەیاڵکردن وەك کارخانەیەك ئەبینرێ، کە کار لەسەر وێنە و توخمە سادە و سەرەتاییەکان دەکات و دەیان گۆڕێت بۆ فۆرمێکی نوێتر و وێنەی داتاشراویان لێ بەرهەم دێنێت، واتا جیهانی خەیاڵ لەگەڵ هەموو ئەو ئەرکانەی کە هەیەتی ئەرکی دروستکردن و بنیاتنانی بابەتە جیاجیاکانیش لە خۆ دەگرێت لە ناو بوارەکاندا، هەروەك (ئەدلەر) دەڵێ: (خەیاڵکردن واتا دووبارە بنیاتنانەوەی تێگەیشتن، دووبارە پێکهێنانەوەی پەیبردن)[1] .

لێرەدا زیاتر بە ئاراستەی ئەم بنیاتنانە دەڕۆین، کە خەیاڵ ئەنجامی ئەدات و دەرکەوتەکەشی لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا خۆی ئەبینێتەوە، ناکرێ لە دەرەوەی پرۆسەی خەیاڵکردن و هێزی خەیاڵ لە بەرهەم و داهێنانی مرۆڤایەتی بە تایبەتی ئەدەب بڕوانین. لە دنیای ئەدەبدا خەیاڵ ڕەگەزێکی سەرەکییە و بەرهەمە جیاجیاکانی ئەدەب پەیوەستە بە هێز و جیهانی خەیاڵی شاعیر و نوسەرەوە، هەر بۆیە مەسەلەی خەیاڵ لە بابەتێکی ساکارەوە، تا بنیاتنانی کارێکی ئاڵۆز و وێنەیەکی ئاوێتە ڕۆل و ئەکتیڤیەتی خۆی هەیە.

ئەم توێژینەوەیە، کە لە ژێر ناونیشانی (میکانیزمی خەیاڵ لە ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)ە، هۆکاری ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییە دەگەڕێتەوە، کە خەیاڵ هەیەتی لەسەر لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ و گرنگی میکانیزمی خەیاڵکردن لەبواری ئەدەب و بەرهەمی هونەری. لێرەشدا چەمك و ئەرکی هێزی خەیاڵ لە ناو ئەدەبدا تەوزیف دەکەین و لە ڕووی ئەدەبی دەروونی لە پرۆسەی خەیاڵکردن دەڕوانین، هەروەها کار لەسەر بەرجەستە بوونی ڕۆڵی خەیال دەکەین لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باخەکانی خەیاڵ)ی (بەختیار عەلی)دا. بۆ ئەو مەبەستەش ئاماژەمان بە چۆنیەتی و جۆری خەیاڵی کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە کردووە. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە دووبەش، هەر بەشێکیش لە چەند تەوەرەیەك خۆی دەنوێنێت. بەشی یەکەم پێکهاتووە لە (چەمکی خەیاڵ لە چەند ڕوانگەیەکەوە، خەیاڵکردن وەك میکانیزمێکی بەرگری دەروونی، میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن لە ڕۆمانی ناوبراو، کاریگەری بوون و نەبوونی هیزی خەیاڵ، پەیوەندی مادە و خەیاڵ بەیەکەوە). بەشی دووەم تایبەتە بە خستنەڕووی جۆری خەیاڵی کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە.

## بەشی یەکەم: میکانیزمی خەیاڵکردن

### ـ چەمکی خەیاڵ لە ڕوانگەی جیاجیاوە

سەبارەت بە چەمك و هێزی خەیاڵ و کاریگەری لەسەر بەرهەمی ئـەدەبی، تێڕوانینـی زۆر و جیـاواز لـە نێـوان فەیلەسوف و زانا و رەخنەگر و ڕێبازە ئەدەبییەکان و قوتابخانە ڕەخنەییەکاندا بەدی دەکرێت، لە لێکدانەوەی خەیاڵ و لایەنەکانیدا، بۆ نموونە خەیاڵ لە لای ئەدیبی کۆندا بەجۆرێك بووە کە تایبەتمەندی خۆی هـەبووە و جیـاوازی هەیـە لەگـەڵ خـەیاڵی کلاسـیکێك و ڕومانسـییەك و لێکدانـەوەی و ڕێبازەکـانی تـری وەك ڕیـالیزم و سـوریالیزم بـۆ خـەیاڵ، خەیاڵی دەقی کۆن لە زیادڕۆییەکی قووڵدا خۆی دەبینێتەوە بە جۆرێکی وا کە پەیوەندی لە گـەڵ دنیـای حەقیقـەت و زانست دەپچڕێنی و بەمەش وێنەی خەیاڵی و ئەفسانەیان پی بەرهەم دەهێنا، کە ئەمەش لە خەیاڵی لاسایی کـەرەوە خۆی دەنوانـد، سـەبارەت بـە ڕۆڵ و گرنگـی خـەیاڵیش ئـەفلاتوون لـە ژێـر بۆچـوونی فەلسـەفەکەیدا کـە بـە جیهـانی نموونەیی ناسراوە، بۆچوونێکی نێگەتیڤی لەسـەر چـەمکی خـەیاڵ خسـتووەتە ڕوو بـەوەی، خیـاڵ بـە جۆریـك سـەیر دەکات کە هێزێکـە مـرۆڤ لـە ڕاسـتی دوور دەکاتـەوەو ڕاسـتییەکان دەشـێوێنێت.[2] لێـرەدا (ئـەفلاتوون) لەسـەر ئـەو بنەمایە و چەند بنەمایەکی تری وەك لاسایی کردنەوە و ئیلهام و کەوا شاعیران لە کۆمارەکـەی خـۆی ئەکاتـە دەرەوە جگە لەو شاعیرانەی، کە سوودیان بۆ بەرژەوەندی گشتی و دەوڵەت هەیە، بەڵام هەرچی (ئەرستۆ)یە لەسـەر چـەمکی خەیاڵ بە پێچەوانەی (ئەفلاتوون) دەڕوات و لە گۆشە نیگایەکی ترەوە لە گرنگـی و بـەهای خـەیاڵ دەڕوانێـت و پێـی وایـە: خـەیاڵ ئـەو هێزەیـە، کـەوا توانـای بەرهـەمهێان و بەسـتنەوەو پێکهێنـانی وێنـەی هەیـە، خـەیاڵ سـەرەڕای پەیوەستبوونی بەهەستەوە، خەیاڵ دەکەوێتە ژێـر هێـزی عـەقڵ[3]. وەك دەردەکـەوێت (ئەرسـتۆ) هێـزی خـەیاڵ بـۆ شـاعیر و بەرهـەمهێنانی دەق بـە گـرنگ دادەنێـت و خـەیاڵیش بـەهێزێکی دانـەبڕاو لـە پرۆسـەی بیرکردنـەوەو عـەقڵ دادەنێت. بە مەبەستی زیـاتر تیشـك خسـتنە سـەر ڕۆڵ و گرنگـی خـەیاڵ، دەبیـنین کـە بـەپێی ڕێبـازە ئەدەبییـەکان جیاوازی هەیە و لە هەر ڕێبازێکدا بە شێوەیەکی جیاواز سەیری کراوە بۆ نموونە لە ڕێبازی کلاسیزمدا پرۆسەی خەیاڵ لەسەر بنەمای عەقڵانی بوون، واتا پابەندبوون بە یاساو دەستورە دانراوەکانـەوە لـە بابەتـەکانیان دەڕوانـی و تیایـدا (عەقل بە توخمێکی بنچینەیی دادەنرێ و بناغەی فەلسەفەی جوانییە لـە داهێنـانی ئـەدەبی کلاسـیکیدا، چـونکە لای ئـەوان عـەقڵ تیشـکدانەوەی ڕاسـتییە، ڕاسـتیش لـە هـەموو سـەردەم و شـوێنێکدا نـەگۆڕ و یەکسـانە و بـەردەوام دەمێنێتەوە، عەقڵ خەیاڵی مرۆڤ بەرەو ڕێگایەکی ڕاست ڕێبەری دەکات و سنوری بـۆ دادەنێـت، وا لـە مـرۆڤ دەکـات پـەیڕەوی یاسـا گشـتییەکان بکـات)[4]. لێـرەدا وەك دەبیـنین ڕێبـازی کلاسـیزم لەگـەڵ ئـەوەی کـەوا لەسـەر بنـەمای سنورردانان و یاسا کار دەکات، جەخت لە خەیاڵی مرۆڤ دەکاتەوە و خەیاڵ بەو ڕەهەندە دادەنێت کەوا هێزی پەیڕەوی کردن لە یاسا گشتییەکان بە مرۆڤ دەبەخشێت کە ئەمەش ئامانجی سەرەکی ڕێبازی کلاسیزمە.

بـەڵام هەرچـی ڕۆمانسـییەکان بـوون بـە دیـوێکی تـر و جـۆرێکی تـر لـە جیهـانی خـەیاڵیان دەڕوانـی و (بـەلای ڕۆمانسییەکانەوە خەیاڵ سەرچاوەی سەرەکی وزەی ڕۆحە و پەیوەندی بە نیزامی میتافیزیکی ئەو دیوی سروشـتەوە هەیـە، دووپاتیـان لەسـەر خـەیاڵ دەکردەوە بەلایانـەوە خـەیاڵ جۆرێکـە لـە ئاشـکرا کردنـی ڕاسـتی، ڕمانسـییەکان مامەڵەیان لەگەڵ خەیاڵ بەم شێوەیە نەبوو، کە وجوودی نییە بەڵکو دەیان گوت خەیاڵ کاتێ، کە چالاکی خـۆی جـێ بەجێ دەکات، ئەو شتانە ئاشکرا دەکات کە عەقڵی ئاسایی نـاتوانێ بیـان گـاتێ، بـەلای ڕۆمانسییەکان خـەیاڵ تاکـە هێزە، کە شاعیر دروست دەکات لەبەر ئـەوەی خـەیاڵ شـتێکی پـیرۆزە ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە خـەیاڵ ڕاستی و حەقیقەت دروست دەکات)[5].

لەلایەکی تریشەوە ڕۆڵ و مەسەلەی خەیاڵ لە لایەن زۆرێك لە زانا و فەیلەسوفەکان ئاماژەی پێکراوە و بە شێوەی جیاواز خراوەتە ڕوو بۆ نموونە (ولیم بلیك) (وای دەبینێ)، کە خەیاڵ خەوێکی پیرۆزە و تاکە هێزێکە دەتوانێ شیعر خەلق بکات، "شیلنگ" وا دەبینێ کە خەیاڵ تاکە هۆکارە بۆ درك کردنی هەر حەقیقەتێك)[٦]. وەك دەردەکەوێت (بلیك) بۆ نوسین و بەرهەمهێنانی شیعر جەخت لە هیزی خەیاڵ دەکاتەوە و تێگەیشتن و ناسینی ڕاستییەکان دەکاتە ئەرکی پرۆسەی خەیاڵکردن، هەورەها (وردز ورس) شاعیری گەوەری سەر بە ڕێبازی ڕۆمانتیکی (بەهەمان شێوە ئەرکی دركکردنی ڕاستییەکان بە هێزی خەیاڵەوە پەیوەست دەکات و ئەندێشە بە ئامرازی بەدەستهێنانی زانیارییەکان لەقەڵەم ئەدەدات)[٧]. بەڵام کۆلیردج بەشێوەیەکی وردتر کاری لەسەر چەمکی خەیاڵ و هیزی کاریگەریانەی خەیاڵ کردووە و بەلایەوە، خەیاڵ دوو جۆری هەیە ئەوانیش خەیاڵی سەرەکی و خەیاڵی لاوەکین، جیاوازی خەیاڵی لاوەکی لەگەڵ خەیاڵی سەرەکی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە خەیاڵی لاوەکی تایبەتە بە داهێنان لە بواری ئەدەبدا و شاعیرو بلیمەتەکان خاوەنی ئەم جۆرە خەیاڵەن و خەیاڵی سەرەکیش تایبەتە بەهەموو کەسێك[٨]. بەو پێیە بێت لای کۆلیردج خەیاڵی لاوەکی دەبێتە سەرچاوەی داهێنان و لێرەوە جەخت کردن لەسەر خەیاڵ بەهێزتر دەبێت. هەر لەو ڕوانگەیەوە خەیاڵ بە پێکهاتەیەکی گەورەتر دێتە بەرباس (شیللی) (شاعیری ئینگلیزی، کە خاوەنی "کتێبی بەرگری کردن لە شیعر"ە بەلای شیللییەوە حەقیقەت ئەوەیە کە شاعیر لە ڕێگەی خەیاڵەوە پێی دەگات نەوەك لە ڕێگەی لۆژیك کە هەموو فەیلەسوفێك بانگەشەی بۆ دەکات)[٩]. واتە شاعیر لە ڕێگەی پەنا بردن بۆ خەیاڵ بەرهەمە شیعرییەکانیان بنیات دەنێن، لەو نێوەندەشدا ئەگەر سەیری (بەختیار عەلی) بکەین وەك ڕۆماننوسێك ئەوا ئەو خەیاڵە لاوەکییەی کەوا کۆلیردج ئاماژەی پێ کردووە تێدا بەدی دەکرێت، بە پشت بەستن بە هێزی ئەم جۆرە خەیاڵە نوسەر ڕۆمانێکی وەك (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵی) بەرهەم هێناوە، لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانەوە نوسەر وێنە ئاویتەکانی خەیاڵی خستوەتەڕوو و بەهۆی ئەم هێزە بنیاتنانەوەی چەند بابەتێکی لە بوارە جیاجیاکان بە فۆرمێکی نوێ نیشان داوە.

## ـ خەیاڵکردن وەك میکانیزمێکی بەرگری دەروونی

لێرەدا جەخت کردن لە سەر خەیاڵ لە دوو ئاراستەدا خۆی دەبینێتەوە، یەکەمیان وەك هیز و فاکتەرێك بۆ داهێنان، دووەم وەك میکانیزمێکی بەرگری دەروونی، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، کە زیاتر ڕووە مەبەستدارەکەی ئێمەیە، خەیاڵ بەهاو گرنگی خۆی هەیە. خەیاڵ بە هەموو جۆرەکانییەوە پەیوەستە بە ڕەهەندە دەروونییەکانی مرۆڤەوە، توانایەکی دەرونییە کە یارمەتیدەرە بۆ هاوسەنگ کردنی هاوکێشەی ژیانی مرۆڤ ، هەروەك (ئەدلەر) دەڵێ: (خەیاڵ کردن لە توانا نا ئاساییەکانی دەروونن، واتا خەیاڵکردن و جۆرەکانی هەموویان بە شێکن لە چالاکییەکانی دەروون، تاکەکان لە دنیای خەیاڵکردندا دۆخێك ئەسازێنن، کە لە واقیعدا سوودی لێ ئەبێنن، هۆکاری بەهێز بوونیش بۆ ئەم خەیاڵکردنە دەگەڕێتەوە)[١٠].

بۆ پاراستنی باری دەروونی مرۆڤ دوای شکست خواردنی مرۆڤ و لە دەستدانی ئامانج و بێ هیوابوون و نەگەیشتن بە حەزو ئارەزووەکانی، خەیاڵکردن ڕێگەیەکی ترە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو بارودۆخە دژوارانەی، کەوا ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە. واتا مەبەست لە خەیاڵکردن لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە بریتییە لەو دەرچە و فریاد ڕەس و پەنایەی، کە مرۆڤ دژ بە واقیع و حەقیقەتە دژوار و پڕ کۆسپ و تەگەرەکانی ژیان پەنای بۆ دەبات و لەوێ ئامانجەکانی خۆی پێ جێبەجێ دەکات. لەو چوارچێوەیەشدا زۆرجار مرۆڤ لە ڕێگەی خەیاڵەوە دوو ئامانج ئەپێکێ کە

بریتین لە: یەکەمیان هەڵدەستێت بە قەرەبوو کردنەوەی دۆخە دۆڕاوەکەی خۆی و باری دەروونی خۆی پێ هاوسەنگ دەکاتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی کە نەیتوانی ئامانجەکانی لە واقیعدا جێ بەجێ بکات. دووەم قەرەبوو کردنەوە دۆخە دۆڕاوەکە بەشێوەیەك لە شێوە هونەرییەکان دەردەبڕێت و ئەیکات بە بەرهەمێکی هونەری، یان ئەدەبی و داهێنانی تێدا دەکات. لە ڕاستیدا حەزو ئارەزووە چەپێنراوەکانی مرۆڤ و هێزی ڕەمەکی ژیان دۆستی بۆ بەردەوام بوونی ژیان و تەسلیم نەبوونی تاك بە ڕەمەکی مەرگدۆستی لە ساتەوەختی بێ ئومێدی و نەگەیشتن بە ئاواتەکان، وا لە مرۆڤ دەکات پەنا بۆ کۆمەڵێك میکانیزمی بەرگری دەروونی بەرێت بۆ ڕزگاربوون لەو حاڵەتە دەروونییە ناخۆشانەی، کە تووشی بووە خەیاڵکردنیش بە یەکێك لەو میکانیزمانە دادەنرێت، کە مرۆڤ لە ڕێگەی ئەم میکانیزمی خەیاڵکردنەوە هەڵدەستێت بە تێرکردنی حەزوو ئارەزووە چەپێنراوەکان و بنیاتنانەوەی ژیانی بەو شێوەیەی، کە خۆی دەیەوێت فرۆید پێی وایە، کەوا ( مرۆڤ هەندێك جار لە ساتی ئاگایشدا دەتوانێت ئارەزووەکانی تێر بکات ئەوەش لەو ڕێگەیەوە دەبێت، کە بە خەیاڵکردنەوە ناسراوە. هەندێك جار کاتێك پاڵە پەستۆێ ئارەزووەکان لەسەر کەسێك زیاد دەبێت، بە شێوەیەك کەوا ناتوانێت خۆی بگرێت، یان چاوەڕان بکات تا کاتی خەوتن یان پشت بە خەون نابەستێت بۆیە دەیەوێت لەم کاتەدا ئارزووەکانی تێر بکات بۆ ئەمەش پەنا بۆ خەیاڵکردن دەبات تاوەکو ئاواتەکانی بێنێتەجێ و لەو ڕێگەیەوە پاڵەپەستۆی دەروونی کەم بکاتەوە)(١١). لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کەوا خەیاڵکردن ئەرکی تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانە دوای ئەوەی، کەوا لە واقیعدا بواری تێرکردنیان بۆ نەڕەخساوە، هەر بۆیە کاتێك مرۆڤ دەورووبەرو ژینگەیەکی گونجاو و بێ کێشە بۆ جێبەجێ کردنی ئاواتەکانی نادۆزێتەوە، ئەوا بەهۆی خەیاڵکردنەوە دەتوانێت ئەو ژینگەیە بۆ خۆی دروست بکات و بە یارمەتی کەسەکان. واتە ( ویستی تاکەکان بۆ خەیاڵکردن ئەو تایبەتمەندییەی هەیە، کەوا بێ هێز و یارمەتی کەسەکان بگات بە ئامانجەکانی خۆی، ئەمەش لەو تایبەتمەندیانەی خەیاڵکردندا دەبینین، کەوا تاك وێنای ڕزگاربوون و سەرکەوتن بەسەر شکست وهۆکارە شەیتانییەکاندا ئەکات)(١٢).

خەیاڵکردن دەرچەیەکی ڕزگاربوونی مرۆڤە لە فشار و پاڵە پەستۆ کە لە ئەنجامی چالاکی دەروون و هێز وتوانای دەروونەدا دێتە ئاراوە، هەر بۆیە ( خۆلادان، یان تسلیم بوون بە خەیاڵات یەکێکە لە بەهێزترین و بە تواناترین سەرهەڵدانی تواناکانی مرۆڤ، لە ئەنجامدا کەم و زۆر هەموو کەس، تا ئاست و زەمانێکی دیاری کراو دەبێتە دەست خۆشی خەون و خەیاڵە خۆشەکانی خۆی مرۆڤ لە گۆڕەپانی خەیاڵیدا مەبەست و ناونیشانی باش بەرز دەکاتەوە و دنیایەکی خۆش و بەلەزەت بۆ خۆی بنیات دەنێ، کە لەو دنیای خەیاڵاتە بەو پەڕی ویست و ئارەزووەکانی خۆی دەگات، واتا دنیایەکی خۆش و ئەفسانەیی بۆ خۆی دروست دەکات)(١٣).

کەواتە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کەوا خەیاڵکردن وەك میکانیزمێکی بەرگری دەروونی تاك ڕێگایەکە بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووەکان و خۆ بنیاتنانەوەی مرۆڤ ، تاکیش بەهۆی بەکاربردنی ئەم میکانیزمە دەیەوێ دوای شکست و ڕەشبینی و دەستەبەر نەبوونی پێویستییەکانی هاوسەنگی بۆ دەروونی خۆی بگەڕێنێتەوە و جارێکی تر و بەجۆرێکی تر خۆی بۆ خودی خۆی و دەوروبەر و کۆمەڵگا بسەلمێنێتەوە، لەو ناوەندەشدا هەندێك کەسیش بۆ ئەم خۆ سەلماندنە هەڵدەستن بە دەربڕینی ئەو میکانیزمە بە شێوەیەکی هونەری و ئەدەبی. واتە پەنا بردن بۆ میکانیزمی خەیاڵکردن بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری لێ دەکەوێتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا نوسەری ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ) لە ڕێگەی خەیاڵی خۆی و خەیاڵی کاراکتەرەکان

سەرەڕای کۆمەڵێك ئەرك و ئەو ڕەهەندە سایکۆلۆژییەی کەوا ئاماژەمان پێ کرد بە ئاشکرا هەست بەوە دەکرێت، کە خەیاڵکردن لە ڕۆمانەکەدا بۆ چەندین مەبەست و پەیام و جێبەجێ کردنی ئەرکی تر بەرجەستە کراوە.

## ـ میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن لە "ڕۆمانی غەزەلنوس و باخەکانی خەیال"

نەخشەی ڕۆمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیال لە نێوان دوو دەستەڵات و دنیادا دابەشکراوە، کە بریتین لە دنیای واقیع و دنیای خەیاڵ، بەلام هێزو دەستەلاتی خەیاڵ زۆر زیاترەو ڕووبەرێکی فراوانی نەخشەی ژیانی کارکتەرەکانی لە خۆ گرتووە، بە جۆرێك ئەو کارکتەرانەی کەوا ڕووبەڕووی لادان بوونەتەوە لە واقیعدا و پەیوەستن بە دنیای خەیاڵەوە، وەك کەسێکی ئاسۆ فراوان و ڕۆشنبیر وێنە کراون و خودی حەقیقەتیش پەراوێز خراوە. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو ڕۆڵ و کاریگەری واقیعیش زۆر بچووکتر لە خەیاڵ ئاماژەی پێ کراوە، بۆیە جیهانی خەیاڵ، وەك جیهانێکی نزیك لە ڕەها و نموونەیی لە ڕووی جوانی و تەواومەندییەتی بەرامبەر واقیعێکی پڕ لە کۆسپ و دزێو نمایش کراوە، ئەمەش بەجۆرێك کاراکتەری دنیای واقیع لەگەڵ هەموو ئەو هێزو دەستەلاتە مادییەی کەهەیەتی هەژارتر و بەزیوتر دەردەکەوێت لەبەرامبەر ئەو کاراکتەرەی، کە پەیوەستە بە جیهانی خەیاڵەوە، چونکە هێزی خەیاڵ توانای دەستەمۆکردن و بەرهەمهێنانی داهێنان و جوانی و ئارامی و بە ئاوات گەیشتنی هەیە، لە کاتێکدا ڕۆمانەکە واقیع بە تێکدانی هەموو ئەو بەها مرۆیی و جوانانە تۆمەتبار دەکات.

هەر بۆیە، ئەگەر بەپێی قوتابخانەی دەروونشیکاری سەیری هەناوی ڕۆمانەکە بکەین لە ڕووی ناوەرۆکەوە، دەبینین لەو جیهانە خەیاڵییەی، کە خراوەتە ڕوو لەگەڵ ئەو ئەرکەی، کە لە هێزی خەیاڵ بارکراوە و ئەو خەیاڵە جۆر بە جۆرانەی، کە بە پاڵەوانەکانی ناو ڕۆمانەکە بەخشراون، ئەوا "میکانیزمی لادان"ی نوسەرمان بۆ دەردەکەوێت. واتە لادان لە واقیع و حەقیقەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی و ڕۆشنبیری و جوگرافی و ئابووری، پەنا بردن بۆ میکانیزمی خەیاڵ و بیناتنانەوەی هەموو ئەو واقیع و حەقیقەتانە لە فۆرمێکی باڵاترو جوانتردا، چونکە (بەشێکی زۆر لە گۆڕانکاری و چاکسازی لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەر ئەنجامی پەنابردنە بۆ دنیای خەیاڵ، کە زانا و فەیلەسوفەکان بەو ئەرکە هەڵساون و ڕەنج و ئازاریان بۆ بینیوە)[١٤].

ئەگەر ئەو میکانیزمە خەیاڵیەی، کە نووسەر پەنای بۆ بردووە بۆ هۆکارەکانی بگێڕینەوە و شیکردنەوەی بۆ بکەین، ئەوا دەبینن ئەم پەنا بردنەی نووسەر خۆی لە ئاگایی و نائاگایی دا دەدۆزێتەوە. واتا هەم ئاگایانە و هەمیش نا ئاگایانە نووسەر سوود لە جیهانی خەیاڵ وەردەگرێت و ئامانجەکانی خۆی پێ ڕادەپەڕێنێت. بە واتایەکی تر، ئەگەر وەك پرسیارێك ئەمە بوروژێنین و بڵێین بۆچی بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا پەنای بۆ میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن بردووە؟ لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژە بەو هۆکارانە دەکەین، کە وایان لە نووسەر کردووە لە واقیع لابدات و پەنا بۆ میکانیزمی خەیاڵکردن بەرێت:

١. بەهۆی نامۆبوونی گشتی نوسەر لە بوارە جیاجیاکانی ژیان و ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و جوگرافی و سایکۆلۆجی، کە لەم دۆخە نامۆیەدا دەستبەردار بوونی نوسەری تێدایە لە پرەنسیپە باوەکان. نووسەر سیفەتی جۆرە باوەکانی کەسی نامۆی تێدا بەرجەستەیە لە کەسانی خودگەرایی و کەسانی ڕەفز کردن واتە (ئەو کەسانەی لەم بارەدان ئارەزوویەکی وەها زاڵە بەسەریاندا، کە وایان لێدەکات سوود لە چوارچێوەی ئەزموون و تواناکانی خۆیان وەرگرن، هەروەها بەرەنگاری دەستەلات دەبنەوە و یاسا کۆمەڵایەتییە باوەکان پشتگوی دەخەن)[١٥]. بەلام ئەم دۆخە نامۆیەی نوسەر بە ئاراستەی پۆزەتیف و بەرهەمنانەوە شکاوەتەوە، کە تێیدا ئەو

نامۆبوونە ئاوێتەییەی نوسەر لە واقیعی هەموو لایەنەکانی ژیان و دزێوی حەقیقەت و فیزیکیەتی ژیان و ڕەوشتی گۆڕاوی مرۆڤ هۆکارێکی بەهێز بووە بۆ نەخشە کێشانی ناوەرۆکی ڕۆمانەکە بەم ئاراستەیە و خستنە ڕووی جیهانی خەیاڵ لە پانتایەکی فراوان و دروستکردنی چەند کەساسەتییەکی پەیوەست بە جیهانی خەیاڵەوە. لەو ڕووەشەوە ئەگەر سەیری دۆخە سایکۆلۆجییەکەی ڕۆمانەکە بکەین، ئەوا دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین، کە نامۆبوونی (بەختیار عەلی) جیاوازیی زۆری هەیە لەگەڵ ڕۆمانوسەکانی تر، ئەوش لەودا، کە نووسەری ڕۆمانەکە پێش ئەوەی ڕۆماننوس بێت، کەسێکی خاوەن ئەزموون و ڕۆشنبیرە و شارەزایی لە لایەنەکانی فەلسەفە و تیۆر و قوتابخانەکانی فەلسەفە هەیە و تێگەیشتنێکی تەندروستی بۆ چەمکەکان هەیە بۆیە کاتێك، کە نووسەر دەبێتە هەڵگری بۆچوون و تیۆرو مانای ڕاستەقینەی چەمکەکان لەسەر گەردوون و سروشتی مرۆڤ و بوارە جیاجیاکانی ژیان ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە لە واقیعدا بواری جێ بەجێ کردن نەرەخساوە بۆ کار پێ کردنی هەموو ئەم مەعریفە، وە ئەم جیهانە پڕ میتۆد و بەرنامە مەعریفییە، کە لە شارەزایی و ئەزموونی فەیلەسوفەکاندا گەڵاڵە بووە لە ڕێکخستنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و دەروونی پشت گوێ خراوە. واتا نوسەر دەبینێ ئەم تیۆر و بەرنامە و چەمك و بۆچوونە جوانانە کاریان پێ ناکرێت و زیاتر میزاجی کەسەکانە، کە ڕێکخستن بۆ ژیانی مرۆڤ دەکات و بوارەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئاینی بەڕێوە دەبات. لەم حاڵەتەدا شار گۆڕین و وڵات گۆڕینی نوسەری لی دەکەوێتەوە ئەم حاڵەتەش بەسەر نوسەردا سەپاوە. پاشان (بەختیار عەلی) ئەم جیهانە نموونەیەی ناو بۆچوون و تیۆر و کتابەکان نادۆزێتەوە لە ئەنجامی واقیع گۆڕین و جوگرافیا گۆڕین، بۆیە نووسەر لە نامۆبوونی سادە و جوزئی بەرەو نامۆبوونی ئاوێتە و گشتی دەچێت بەرامبەر بە واقیعی سەردەم و سروشتی مرۆڤایەتی بینراو. واتە بەشێوەیەکی گشتی نامۆبوون لە ژیان بەهۆی ئەوەیە، کە ئەم پرۆژە فیکری و قورساییە مەعریفییە لە واقیع ودەووروبەریدا جیگای نابێتەوە بۆ پیادە کردن، ئەوەش بەهۆی ئەوەی سروشتی ژیان و مرۆڤ بچوکتر و لاوازترە لەم جیهانەی، کە لە ناو کتێب و تێۆرەکاندا هەن. ئەم حاڵەتەش دەبێتە هۆی فشاری دەروونی و لە ئەنجامی بوونی فیکرو جیهانی نموونەی ناو مەعریفەی ناو مێشکی نوسەر و نەتوانینی تەحقیق کردنی ئەم پرۆژە فیکریە لە واقیعدا، هەر بۆیە نوسەر لە ڕێگەی میکانیزمی بەرگری دەروونی لادان لە واقیع و پەنا بردن بۆ جیهانی خەیاڵ ئەم جیهانە فیکرییەی جێ بەجێ دەکات ولە خەیاڵیدا گەردوونێك بۆ پراکتیزە کردنی پرۆژە فیکرییەکانی دروست دەکات، دوور لە میزاجی مرۆڤی ئاسایی. بەمەش ئامانجەکانی خۆی دێنێتە جێ، هەروەك (ئەدلەر) دەڵێت: ( کاتێك مرۆڤ سەرەرای چالاکی و جوڵە دەروونییەکان و هەوڵەکانی گەیشتنی بە ئامانجەکان مەحاڵ ئەبێت، ئەوا تاك ڕوو لە دنیای خەیاڵ و وەهم ئەکات، دەیەوێ لە ڕێگەی خەیاڵەوە شوێنێکی نوێ و دڵویست بۆ خۆی دروست بکات لە بەرامبەر ئەو ستەمەی کەوا ژینگەی واقیعی بەرامبەری دەکات، بە یارمەتی ئەو خەیاڵکردنە خۆی ئەپەروەرێنێت و لە نەنگییەکانی ژیان ڕادەکات)[١٦].

ئەو نامۆ بوونە ئاوێتەیەی، کە لە نوسەردا هەیە بەرامبەر بە واقیعی گشتی بە جۆرێکە، کە نە بۆتە هۆی ئەوەی نوسەر ڕەمەکی مەرگدۆستی زیاد بکات، بەڵکو هێزی بنیاتنانەوە و ستراکچەری پێ بەخشیوە، نوسینی کۆماریش لە لایەن ئەفلاتوونەوە هەمان هۆکاری لە پشتەوە دەبینرێ ( ئەفلاتوون، وەك فەیلەسوفێك لە بوونی جیاوازی گەورەیی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی یۆنان ئازاری بینیوە و بۆیە سود لە پارێزگاری خۆدزینەوە وەردەگرێت بۆ دەرچوون لە واقیع و بنیاتنانی دەوڵەتێکی نموونەیی لە پەرتووکێکی گەورەی بەناوی کۆمار بەمەش ئارەزووەکانی دێنێتە دێ)[١٧]. ئەمەش بووە سەرەتای بیرۆکەی دروستکردنی یۆتۆپیای شاری خەیالی و دەوڵەتی نموونەیی و ئەم هەوڵەی (بەختیار عەلی)ش، کە لە ڕۆمانی غەزەلنوسدا داویەتی هەوڵێکە بۆ دروستکردن و بنیات نانی مەملەکەت و

جیهانێکی خەیاڵی پاك و بێ گەرد و بێ كێشە، لە بەرامبەر واقیعی ژیان و شکستەکانیدا، کە ئەمەش (تۆماس مۆریش پێشتر لە ساڵی ١٥٣٥ز هەوڵێکی وای دا کە لەبەرهەمەکەی خۆیدا شاری خەیاڵی بەکار هێنا وەك ناوێك بۆ ئـەم شـارە نموونەیی و خەیاڵیەی، کەوا کۆمەڵگایەك تێدا نیشتەجێیەو گەیشتوەتە لوتکە لە دانـایی و هێـز و ئاسـودەیدا، لەسـەر سیسـتەمێکی دیمـوکراتی سۆشیالیسـتی بنیـادنراوە، کـە وەك بـەدیلێك بـۆ نەنگییـەکانی سیسـتەمی دەسـتەڵات لـە واقیعدا)[١٨].

ئەم لادان لـە واقیـع و دروسـتکردنی دنیـای خەیاڵـە، پێویسـتی بـە ژێرخـانێکی نەسـتی و مـەعریفی زۆر هەیـە و نوسەری ڕۆمانەکە بە پشت بەستن بەم توانا مەعریفی و ئەدەبی و فەلسەفیی و ژێرخانـە نەسـتییە ئـەو دنیـا خەیاڵیـە دروست دەکات و بەسەر کاراکتەرەکاندا تەوزیفی دەکات.

٢. ئـەم پـەنا بـۆ خـەیاڵ بردنـە بـۆ هۆکـارێکی سـۆزیش دەگەڕێتـەوە، کـە خـۆی لـە سـۆزی ڕق و تۆڵـە کردنـەوەی دەدۆزێتەوە. نووسەر لە ڕقی واقیع و زاڵـەبوون بەسـەر نەنگییـەکان جیهانێـك لـە خـەیاڵ دەنەخشـێنێت. وزەی ئـەم ڕقەش دەبێتە پاڵنەرێك بۆ پەنا بردنە بەر جیهانی خەیاڵ و نەفی کردن و دەسـتبەردار بـوونی واقیـع، وەك پـەیامێکی نەستی نووسەر، کە واقیع نەتوانێت ئامانجەکانم بێنێتەدی، ئەوا گەردوونێکی تر هەیە، کە باڵاتر و جـوانترو فـراونترە بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجەکان و پیادەکردنی پرۆژە فکیریەکان، ئەویش جیهانی خەیاڵە. ڕێك وەك ئـەو شـاعیرەی، کەوا ناتوانی بگاتە خۆشەویستەکەی و زاڵبێت بەسەر کۆسپ و ڕێگرەکانی بەردەمیدا، ئەوا لەو پێناوەدا وێنەیەکی بـاڵا تری خۆشەویستەکەی دروست دەکات، کە لە وێنە ڕاستییەکەوە هاتووە، بەڵام جوانتر و ناسکتر و تەواو ترە. کەواتـە ئەگەر لە واقیعدا نـەتوانێ لەگـەڵ جەسـتەی یارەکـەی بـژی، ئـەوا دەیـەوێ لەگـەڵ جەسـتە خـەیاڵی و وەهمییەکـەی خۆشەویستەکەیدا بژی. لە ڕاستیشدا ئەمەش ڕەگەزێکی ڕقی تێدایە، کە لە داخی واقیعی ڕێگر لەبەردەم گەیشـتن بـە فیزیکیەتی کچەکە ئەم وێنەیەی دروستکردووە و نا ئاگاییانە دەڵێت، ئەگـەر نـەتوانم بـەم کچـە بگـەم، ئـەوا دەتـوانم لەگەڵ ئەم کچەیە بژیم، کە زۆر جوانتر و تـەواوترە. بـێ گومـان ئـەم کـارەش توانـای هونـەری و ئـەدەبی و مـەعریفی دەوێت، وە ئەمەش لە وێنە شیعرییەکانی شاعیرەکاندا هەست پـێ دەکـەین. هـەروەها لـە دوو تـوێی ئـەم ڕۆمانەشـدا نووسەر، وەك ڕقێك لە نەگییەکانی واقیع لە خەیاڵی کەسەکاندا وێنەکانی نەخشاندووە و خەیاڵی پڕ هێزتر و باڵاتر لـە واقیع نیشانداوە.

٣. گەردوونی فیزیکی و واقیع پابەندە بە یاسا و دەستور و لۆژیکەوە. واتە بابەت و ورووژێنەرەکان لە واقیعدا لـە ژێـر پڕەنسیپی گوناه و چوارچێوەی لۆژیکی زانستە جیاجیاکاندا سەیر دەکرێن، بەڵام لـە جیهـانی خەیاڵـدا گونـاه نییـە و ئەم چوارچێوەیەش یاسای و لۆژیکییە نییە، بۆیە نووسەر رووی لە واقیع وەردەگێڕێت و دەچێتە ناو کێڵگەی خەیاڵی خۆی و وێنەی نوێ و داهێنان و دەوڵـەتی نـوێ دروسـتدەکات، چـونکە نوسـەر لـەم جیهانـەدا، تـا ڕادەیـەکی زۆر لـە کۆتـەکانی (فیکـری و ئـاییـنی و کۆمەڵایـەتی و شارەسـتانی و دەروونـی) رزگـاری بـووە. لێرەشـدا ئـەوەمان بـۆ دەردەکەوێت، کە ڕۆمانسییەکان پەنا بردن بۆ خەیاڵ، وەکو بنـەما و خاسـییەتێکی گـرینگ لـە قەڵـەم ئـەدەن و وەك بەدیلی واقیع جەختیان لێ دەکردەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ (لە خەیاڵیدا چەندین جیهانی جوان و هێمن دەکێشێت، کـە هاوکاری و برایەتی و داد و یەکسانی تێیدا بەرقەرارە و لێبوردن هەیە، ئەم بەهایانە لە جیهانی ڕاسـتەقێنە یـان واقیـع دا بەدی ناکرێت، بۆیە بەنا چارییەوە پەنا وەبەر خەیاڵ دەبەن، کە ئەلتەرناتیڤی واقیعە)[١٩].

نوسەری ڕۆمانی (غەزەل نوس و باغەکانی خەیاڵ)یش لەسەر هەمان بنەما و خاسییەت چنین بۆ ڕووداوی پەیوەست بەکاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەی دەکات و لە ڕێگەی کاراکتەرەکانەوە لە واقیع لائەدات و دەچێتە جیهانی خەیاڵەوە. واتە خۆی لە یاسا و کۆتەکان ڕزگار ئەکات و ئامانجەکانی خۆی جێ بەجێ دەکات.

٤. بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لای نوسەر و پەنابردن بۆ میکانیزمی خەیاڵکردن بەرەو لێکدانەوەیەکی دەروونشیکارانەشمان دەبات، ئەوش بە پێی تیۆری فرۆید بۆ چەمکی کەسایەتی و دابەشکردنی کەسایەتی بۆ سێگۆشەی کەسایەتی (Super Ego ،Id ،Ego)[٢٠].

یاساو دەستور و بنەمای ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هێزێك بۆ گۆشەی "منی باڵا"[٢١]ی نوسەر و پاساوێکی بەهێز بەم گۆشەیەی نوسەر دەدات بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر گۆشەی "من"[٢٢]ی نوسەر بۆ ڕێگری کردن لەبەردەم تێرکردنی حەزوو ئارەزووەکان و ورووژاندنی بابەتە یاساغەکان، لە ئەنجامی چەپاندن و هێزی لیبدۆی نوسەر، گۆشەی "ئەو"[٢٣]یش فشار دەخاتە سەر "من" بۆ تێرکردنی حەزوو ئارەزووەکان و ورووژاندنی بابەتێکی لەم جۆرە، "منی باڵا"ش لەبەر تابۆیی کارەکان ڕێگری دەکات و فشار دەخاتەوە سەر "من" ی نوسەر، بەم جۆرە گۆشەی "من" بەردەوام ئەم دوو فشارەی دەکەوێتە سەر ( بەڵام ئەگەر "ئەو" هەر لەسەر ملهوڕی و سەرەڕۆیی خۆی بەردەوامبوو مەترسی لەسەر "من" زیادی کرد، ئەوکاتە "من" بە ناچاری کۆمەڵێك میکانیزمی بەرگری لە ڕووی "ئەو"دا دروست دەکات، هەروەها هەمان میکانیزم بۆ چارەسەرکردنی فشاری "منی باڵا"ش بەکاردەهێنێ)[٢٤]. لێرەوەیە ئەم حەزو ئارەزووە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی نائاگایی نووسەر، تا خۆیان لە ناو بەرگی تر بنێن و فێڵی تر بدۆزنەوە و ڕێگا و میکانیزمی تر بگرنە بەر بۆ دەرچوونیان و تێ پەڕبوونیان لە وێستگەی "منی باڵا" هاتنەوەیان بۆ ئاستی ئاگایی. لەو چوارچێوەیەشدا خەیاڵکردنیش، کە یەکێکە لە میکانیزمەکانی بەرگری دەروونی و فێڵێکی نائاگاییانەی نوسەرە بو گوزارشتکردن لە حەزوو ئارەزوو و بابەتە یاساغەکان. دەبینین نوسەر نائاگاییانە بۆ دوو مەبەست پەنای بۆ تەکنیکی خەیاڵی کاراکتەرەکان بردووە، واتا پەنا بردن بۆ تەکنیکی خەیاڵکردن لە لایەن نوسەرەوە ئامانجی ئاگایی و نائاگایی هەیە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا یەکەم لایەنی نائاگایانەی نوسەرە، خستنە ڕووی ڕۆمانەکە بە پشت بەستن بە میکانیزمی خەیاڵکردن بۆ لاوازکردنی "منی باڵا"ی نوسەرە لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە، بەوەی لە کاتی خەیاڵکردندا دەستەڵات و هێزی ڕێگری "من" و "منی باڵا" لاواز دەبن و پەك دەخرین و هێزی ڕێگری و سانسۆری کردنیان کەم دەبێتەوە، بەمەش ڕێگە بۆ حەزو ئارەزووە خەفەکراوەکانی "ئەو" خۆش دەبێت تا گوزارشت لە وزەی لیبدۆی خۆی بکات.

دووەم بە کارهێنانی تەکنیکی خەیاڵکردن هەوڵێکی نائاگاییانەی نوسەرە بۆ ئەوەی، کە بڵێت کۆی پرۆسەکە تەنیا خەیاڵکردنێکە "من"ی نوسەر دەیەوێت بە "منی باڵا"ی خۆی بڵێت، کە ڕێگرە لەبەردەم خستنە ڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکان، ڕاستە ئەم بابەتانەش ناواخنێکی تابۆی هەیە و یاساغە، بەڵام ئەمە تەنیا خەیاڵکردنی کاراکتەرەکانە و خەیاڵیش هیچی لەسەر نییە و مرۆڤ بەهۆی خەیاڵکردنەوە لەڕووی شەرعی و یاساییەوە گوناهبار نابێت و بەهۆیەوە دوچاری سەرزەنشتکردن و سزادان نابێت، بۆیە نوسەر لە ڕێگەی ئەم میکانیزمەوە خۆی لە ڕێگرو بەربەستە تابۆکان ڕزگار دەکات.

**ـ کاریگەری بوونی هێزی خەیاڵ لەسەر داهێنان**

واتا ئەو خەیاڵکردنەی، کە بەهێزی کۆکراوەی خانەکانی تەرکیزەوە ئەنجامدەدرێن دوور لە مەیلی دنیای مادی و پەیوستبوون بە غەریزە و جەنجاڵی ژیانەوە. واتە کاتێك مرۆڤ خۆی زیاتر، وەك پێکهاتەیەکی نافیزیکی دادەنیت، بە ئەزموون و باگراوەندی زانستی و ڕێژەی چەپاندنەکانییەوە بۆ میکانیزمی خەیاڵکرن دەچێت، وەك (کۆلیردج)دەڵێ: دەبێتە خاوەنی خەیاڵی لاوەکی، کە داهێنانیش بەو خەیاڵەوە پەیوەستە. واتە پەی بەو دنیا خەیاڵکردنە دەبات، کە بەهۆییەوە دەبێتە خاوەنی ڕامانێکی تایبەتی و جیاواز لە ڕامانی کەسانی ئاسایی, (ئەوانەی، کە مەزنترین خزمەتیان بە مرۆڤایەتی کردووە کەسانێکن، کە شتەگەلێکی باشتر لەوەی کە لەسەردەمەکەی خۆیاندا هەبووە لە نێو مێشك و زەهینیاندا خولاوەتەوە و دواتر هاتوونەتە سەر ئەوەی ئەو خەیاڵ و خولیانەی خۆیان بخەنە بەر تاقیکردنەوە و بیکەنە شتێکی ڕاستەقینە)[٢٥]. بوونی هێزی خەیاڵ کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە و بە ئاراستەی مرۆڤی بەرهەمهێنی دەبات، لەبەر ئەوەی هێزی خەیاڵ بەرگێکی ستاتیکی بەبەر شتە سادەکانی ژیانی مرۆڤ دەکات و دیاردە و دیمەنەکان لە دۆخی کۆن و چەسپاودا دەگۆڕێت و لە فۆرمێکی تازەتر نمایشیان دەکاتەوە. کەواتە (خەیاڵکردن دەتوانی شت خەلق بکات زیاتر لەوەی لەسەر یەك کۆیان بکاتەوە بە نەهێشتنی شتی چەسپاو و دیاری کراو ئەو وێنە زەینییانەی لە مانا وەرگیراون لە یەکەیەکی گشتی تازەدا یەکیان دەخات)[٢٦]. بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر سەیری بەرهەم و داهێنانی مرۆڤایەتی بکەین ئەوا هێزی خەیاڵمان لە بەرهەمهێناندا بۆ دەردەکەوێت، بە تایبەتی لە بواری ئەدەب و هونەردا دەبینین، کەوا (بەرزترین شاکاری هونەری زادەی خەیاڵی هونەرمەندەکانن ئەوان هەمیشە شتێکی بەرزتریان لەوەی هەیە لە زەهنی خۆیاندا وێنا کردووە و ئاکارەکانی خۆیان داهێناوە. بینینی شتە دیارەکان بەهەمان شکڵ و شێوەی، کە هەن کارێکی ئاسانە تەنیا کاری چاوە، بەڵام بینینی ئەوشتانە بەشێوەو شێوازی پێشکەوتووتر و بەرزتر لەوەی، کە دیارن و کردنی ئەو خەیاڵانە بەشتی ڕاستەقینە کاری زەهن و وێناکردنێکی قوڵە)[٢٧].

بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکەین مەبەست لە خەیاڵ، هەمان ئەو هێزی خەیاڵکردنەیە کەوا (کۆلیردج) ئاماژەی پێ کردووە، واتە خەیاڵی لاوەکی ئەوەی، کە پەروەردە کراوەو بۆ مەبەستی داهێنانی هونەری ئەدەبی، خەیاڵی کەسانێك کەوا کات و ڕامانی وردیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە، دەست بەرداری تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی ئاسایی بوون و وازیان لە هەندێ لایەنی فیزیکی واقیع هێناوە، دوای شکست و دوای تێرنەکردنی هەندێ حەزوو ئارەزوو و پڕنەبوونەوەی پێویستییەکان لە واقیعدا لە ڕێگەی میکانیزمی لادانەوە ئەو مرۆڤانە دەگەنە هێزی خەیاڵکردن، چونکە ئەگەر مرۆڤ تێکەڵ بە ژیانی ئاسایی بێت ناتوانێ بە قوڵی ئاوێتەی ئەو جیهانە خەیاڵیە بێ و پەی پێ بەرێت. واتە ناکرێ تۆ هەموو مەیل و حەزی دنیات دەستەمۆکردبی و لەزەتی مادی بەشێکبن لە ژیانت. لە هەمان کاتیشدا بگەی بە میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن, چونکە ڕێژەیەکی زۆری خانەکانی تەرکیزی بۆ بابەتە دنیاییەکان دەچێ لە تێڕامانی قووڵی ئەو کەسە کەم دەکاتەوە. لەم ڕووەشەوە ئەگەر لە ڕۆمانەکە وردبینەوە ئەم سروشتە بەدی دەکەین، کاتێ ئەبینین کە غەزەلنوس وەك کاراکتەرێکی سەرەکی ناو ڕۆمانەکە پەی بەو جیهانە خەیاڵیە بردووە و کاراکتەری (بارۆنی خەیاڵ)یش داوای هەمان جیهانی غەزەلنوس دەکات و دەیەوێ بچێتە ناو دنیای ڕوح لەبەرە خەیاڵیەکان و ببێتە خاوەن هەمان هێزی خەیاڵکردن، بێ ئەوەی وەك غەزەلنوس نرخ بۆ دنیای ڕوحی دابنێت و حەزو مەیلی دنیا لە خۆیدا خاڵی بکاتەوە وە بەها مادییەکان لە خانەکانی تەرکیزی دەربێنێ, هەروەك لە ڕۆمانەکە داهاتووە، کە بارۆنی خەیاڵ داوا لە غەزەلنوس دەکات، کەوا ببیات بۆ یەکێ

له باغەکانی خەیاڵ و پێی دەڵێت: (غەزەلنوس تۆ و هاوڕێکانت زوڵمی گەورەتان لـە مـن کـرد... شـەرتە بمبـەیت بـۆ باغێك لەو باغانە لێتخۆشبم... قەسەم بەهەر شتێك تۆ دەتەوێت لێتخۆش دەبم, بـەڵام بمبـە بـۆ باغێـك لـە باغـەکانی خۆت, یەکجار بمبە بۆ باغێك و هەموو شتێك لە نێوان من و تۆدا چاکدەبێت)[٢٨] . بەم شێوەیە (بارۆنی خەیاڵ) هەموو هەوڵێکی لەگەڵ غەزەلنوس بەکاردێنێ، تاوەکو بیبات بۆ دنیای خەیاڵ, ئەمیش بۆی ڕوون دەکاتەوە، کە چـوونی بـۆ ئەو جیهانە شتێك نیە لە کۆنترۆڵی ئەو دابێت، بەڵکو وەستاوەتە سەر خۆی و هەرکاتێکیش دەستبەرداری سەروەت و پۆستی دنیایی بوو، جیهانی مادی بەلاوە نا، ئەوا ئەو کاتە بێ ویستی خۆی دەگاتە ئەو جیهانە, هەروەکو غەزەلنوس پێی دەڵێت: ( بارۆن هەرکاتێك لە نوێمیران هاتیتـە دەرێ, هـەر کاتێـك وازت لـەو خەونـە هێنـا کـە خـەیاڵ دەسـتەمۆ بکەیت.... باغەکان خۆیان دەرگات بۆ دەکەنەوە, ... لە ڕێزی بارۆنەکان وەرە دەرێ و دەبینی ڕەنگی جیهان خـۆی لە بەر چاوت دەگۆڕێت.....)[٢٩]. لێرەدا کاراکتـەری (بـارۆن)، وەك بـەرپرس و کەسـایەتییەکی گـەورەو دەوڵەمەنـد و دنیایی لە قەڵەم دراوە و (نوێ میرانیش) ئاماژەیە بۆ هێز و دەستەڵات و شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەو بەرپرسە. جگە لەوەش غەزەلنوسیش، وەك کاراکتەرێکی سادە و خاوەن هیـزی خـەیاڵ داوا لـە (بـارۆن) دەکـات، کـە واز لـە ئاوێتـە بوونی بێنێت لەگەڵ دەستەڵات و دنیای مادی، بۆ ئەوەی زیاتر خانەکانی تـەرکیزی بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـەکار بێنێـت، بەڵام (بارۆن) ناتوانی ئەوە بکـات، کـە غـەزەلنوس داوای لێ دەکـات، چـونکە ئـەو خەیاڵیشـی بـۆ خزمـەتکردنی دنیـا مادییەکەی خۆی دەوێت ئیتر بەم حاڵەوە ئاستەمە بگاتە ئەو جیهانە, هەموو ئەم جۆرە خەیاڵانەی، کە غـەزەلنوس و ڕۆح لە بەرەکانی تری ناو ڕۆمانەکە پەیان پێ بردووە لەو برە خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێ، کە مرۆڤ بەرامبـەر کەسێك یان کەرەستەیەك، یان بابەتێك یاخود کارەکە خۆی هەیەتی, یان لە حەزوو ئارەزووە چـەپێنراوەکان، یـاخود لە هەستکردن بەکەمی و بوونی پێویستییە جۆربەجۆرەکان، یانیش دەستنەکەوتنی ئاوات و پێویستی مرۆڤ لـە واقیـع و دنیای مادی، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە هەموو ئەمانە بۆشایی لە دەروونی مرۆڤ دروست دەکەن. بێ گومان مـرۆڤیش بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانە پەنا بۆ میکانیزمی خەیاڵکردن دەبات و هێزی خـەیاڵکردنی بـۆ پەیـدا دەبێـت بەمـەش بۆشـایی و پێویسـتییەکانی خـۆی پڕدەکاتـەوە و کـاتێکیش مـرۆڤ بـە شـێوەی کـردار لـە واقیعـدا پێویسـتییەکانی پڕکردەوە، ئەوا دەست کەوتنی هێزی خەیاڵی بەرهەمهێن قورس دەبێت.

## ـــ ڕۆڵی مادە لەسەر درووست بوونی هێزی خەیاڵ

پەنابردن بۆ میکانیزمی بەرگری دەروونـی خـەیاڵکردن و دەسـتکەوتنی هێـزی خـەیاڵکردن بـۆ بەرهـەم هێنـان شتێکی دابڕاونییە لە لایەنە فیزیکییەکانی واقیع. واتا بۆ گەیشتن بە هێـزی خـەیاڵ مـادەش، وەك دەروازەیـەك ڕۆڵ و بەهای خۆی هەیە، بەڵام بەهایەکی سنوردار. لەگەڵ ئەوشدا ئەو ڕۆڵ و بەهایەی بۆ ئەو مەبەستە بە مادە دەدرێت، بۆ ئەوەیە تا مرۆڤ وەك دەروازەیەك بەکاری بهێنی و لەوێوە دزە بکاتە ناو میکانیزمی خەیاڵکردنـەوە، ئـیتر لـە قووڵـایی ئەم دنیایەدا مادە بەهای خۆی دەدۆڕێنێ و گوڵ و مافورو هەتاو و کەرەستە و دیاریدەکانی سروشتیش نرخی مادیـان نامێنێ و تەنیا ڕۆحیەت و لایەنە جوانەکەی نیگا دەکرێ. لێرەشدا هەموو شتەکان بەرەو یەك ئاراستە دەچـن ئـەویش ئاراستەی دژە مادە و غەریزەیە. دواتریش مرۆڤ لەڕەوتی ئاسایی کۆمەڵگە لادەدا و توانا نەستیەکانی ئـەکتیڤ دەبـن و دەبێتـە خـاوەن ئـەو خەیاڵـەی، کـە دەتـوانی بەهۆیـەوە داهێنـان بکـات. کەواتـە، ئامـانج و کۆشـیش لـەم جیهـانی خەیاڵکردنـە ڕاپەڕانـدنی توانـا نەسـتی و ڕۆحیەکانـە و بـەرز ڕاگرتنیـەتی، لـە بەرامبـەر ئەمەشـدا زەلیلکـردن و کەمکردنەوەی توانای جەستەو غەریزەکانیەتی.

دوای ئەوە مرۆڤ دەتوانێ بە هەموو شانەو خانەکانی مێشك و تەرکیزیەوە لە گوڵێك، یان دێرك یاخود لە کارەکەی خۆی قوڵبێتەوەو ڕامانێك بگرێتە کەرەستەکە کە توانای لێکدانەوەی ئاڵۆزترین هاوکێشەی هەبێ, ڕاستەوخۆ کەرەستەکە لە جیهانی دەرەوە بباتە ناو دنیای خەیاڵی خۆی لەوێشەوە چەندین وێنەی جۆراو جۆری لێ دروست بکات و بە چەندین جۆر نیگای بکات و هەزارەها پرسیاری لەمەڕ دروست بکات و هەر پرسیارێکیش بە چەندین وەڵام تێر بکات و چەندین تێگەیشتن بەرهەم بهێنێت. ئیتر مادەکە بە کۆمەڵێ مەفهومی جوان و ڕەنگداترو پڕ بەهاتر لە جیهانی خەیاڵی کەسەکە دێتە دەرەوە وەك بەرهەم وداهێنان سەیری دەکرێ، ئەوە هێز و میکانیزمی خەیاڵکردنە، کە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە وەك غەزەلنوس و مەلای هاجەرو تریفەو ماجەلانی خەیاڵ هەیانە.

ئەگەر لەوانە خەیاڵیەکانی غەزەلنوس وردبینەوە ئەو سروشتەی سەرەوە زۆر بە ئاشکرا بەدی دەکرێ, کاتێ بە کاراکتەری (مەهناز مارۆ) دەڵێت: (مەهناز خان بۆ ئەوەی مرۆڤ سەرەتا فێری خەیاڵ بێت, دەبێت فێری شتە سادەکانی تر بێت, بۆ ئەوەی بتوانێ خەیاڵ بکاتەوە, دەبێت بتوانێت ببینێت, بۆن بکات, لەمسی هەبێت. هیچ شتێك لە بۆنکردنی تەواوەتی گوڵێك زەحمەتتر نیە, هەر کات فێربووین بۆنی گوڵ بکەین, مانای وایە فێربوون خەیاڵ بکەین. یەکەمین لێشاوی گەورەی هەست, یەکەمین لێشاوی خەیاڵیشە)[٣٠].

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بوونی مادە بۆ خەیاڵ سەرەتایەکی پێویستە, مرۆڤ بێ پەنا بردنە بەر کەرەستە خاوەکان لە دنیای حەقیقی ناتوانێ لە دنیای خەیاڵیدا خانو و باغچە دروست بکات. واتە ئەو کەرەستە بەرجەستانەی دنیای حەقیقی مرۆڤ دەیبات بۆ ناو خەیاڵی خۆی لە ڕێگەی هەستەکانییەوە و ئیشی لەسەر دەکات شتی پێ دادەهێنێت دواتر ئەو داهێنانە دەگوازێتەوە بۆ سەر زەوی و دنیای حەقیقی. دوای ئەوەی غەزەلنوس ئاماژە بە کەرەستە سادەکان دەکات بۆ خەیاڵ، ئینجا دێتە سەر ئەو داهێنانەی خەیاڵ دروستیان دەکات و بە مەهناز مارۆ دەڵێت: (مەهناز خان, خەیاڵ لە هێزە هەرە گەورەکانی دنیایە, مرۆڤ ئەوساتە دروست دەبێت، کە خەیاڵ دروست دەبێت, حەقیقەت سەرەتا لە خەیاڵدا هەیە, (مەهناز خان) لە تۆ وایە لە سەرەتای سەرەتاوە باغچەی هەبووە؟ بێگومان نا هەموو شتێکی ئەم دنیایە بەرهەمی خەیاڵە, ئەم باغچەیەی ئێوە سەرەتا لە خەیاڵدا هەبووە, ئەم گوڵانەی سەرەتا لەناو سروشتدان, بەر لەوەی مرۆڤ دەستبەرێت و بەڕاستیان بهێنێت بۆ ئێرە, بۆ ناو ئەم باغە, بەخەیاڵ دەیانهێنێت و دەیانڕوێنێت. گەر باغێکی خەیاڵی لەسەرمان نەبێ ناتوانین باغیکی ڕاستەقینە دروست بکەین.., مرۆڤ سەرەتا بە خەیاڵ خانوو دروست دەکات, بەخەیاڵ ئامێرەکان دادەهێنێت, (مەهناز خان) زانست سەرەتا خەیاڵە, هەتا جەنگ سەرەتا خەیاڵە, خۆشەویستی سەرەتا خەیاڵە, هیچ شتێ نیە سەرەتا خەیاڵ نەبێت, هەتا بەر لەوەی وشە هەبێت خەیاڵ هەیە)[٣١]. ئەمە وانەیەکە کەوا غەزەلنوس بە یەکێك لە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە دەڵێت، کەوا هێزی خەیاڵکردنی نییە، لەمانەوە بۆمان دەردەکەویت، کەوا هێزی خەیاڵ ڕۆڵی خۆی لە بەرهەمهێنانە و داهێنانەکاندا هەیە، هەروەها لیکدان و بیناکردنی وێنەکان لە زەیندا و ڕەنگین کردن و دروستکردنی هەموو پێکهاتەیەکی ئاڵۆز بۆ میکانیزمی خەیاڵکردن دەگەڕێتەوە دوای ئەوەی کەوا وێنەی ماددەکان بە سادەیی و وەك کەرەستەی خاو لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەگیرێت، ئینجا هێزی خەیاڵ دەست دەکات بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆی. هەروەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:.




بەم شێوەیە دوای ئەوەی کەرەستە و مادە لە واقیعدا دەکەویتە ژێر تیشکی تێڕامانی مرۆڤ ئینجا لە ڕێگەی هەر هەستێکەوە بێت، دەچێتە ناو دنیای خەیاڵی مرۆڤەکەوە و پاش لێکدانەوەو ئیشکردنی هێزی خەیاڵ لەسەری بەهۆی وەسیلەیەك لە وەسیلەکانی دەربڕین بەرهەمی ئەو لێکدانەوەو ئیشکردنەی هێزی خەیاڵ دەبینین لە دنیای واقیعدا کە هێزی خەیاڵ لە فۆرمێکی سادەوە بۆ وێنەیەکی ئاوێتە و داهێنانی گۆڕیوە. ئیتر هەریەکە بە پێی تێڕامانی خۆی لەسەر کەرەستەیەك یان بابەتێك ئەچێتە ئەو جیهانە خەیاڵییە و توانا نەستیەکانی دەخاتە کار.

### بەشی دووەم: خەیاڵی کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە

#### یەکەم: مەلای هاجەر

(مەلای هاجەر) کە یەکێکە لە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە بەهۆی پاڵنەری سۆزداری و پەیوەستبوونی بە خۆشەویستی ئافرەتیکەوە و شکستهێنان لە خۆشەویستی هەمان ئافرەت، دووچاری لادان لە واقیع ئەبێت و پەنا بۆ میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن دەبات و ئەکەوێتە ناو ئەم جیهانی خەیاڵەوە, واتە (مەلای هاجەر) بەهۆی خۆشەویستی بۆ (بەهار بانۆ) گەیشتە قوڵایی دنیای خەیاڵ و بوو بە خاوەنی هێزی خەیاڵکردن, پاش ئەوەی (مەلا هاجەر) عەشقی (بەهار بانۆی) دەکەوێتە دڵ هەر وەکو دەڵێت: ( ڕۆژێك لە خەو هەڵسام و سەیرمکرد عاشقم, عاشقی خانمێکی بە حورمەت و ناموسناس، کە ناوی بەهار بانو بو... من کە شەیدای ئافرەتیکی شەرمن و نەجیب و پرحەیا بوو بووم, هیچ کەس لە پیاوێك بەد بەختتر نیە، کە حەز لە ژنێکی بە حەیاو حورمەت بکات..)[٣٢].

وەك لە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا دیارە کە (مەلای هاجەر) کەسایەتییەکی ئایینیەو پابەندە بە بنەما ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، کاتێکیش، کە خۆشەویستی ژنێکی دەچێتە دڵ بەناوی (بەهار بانۆ)وە ئەوا بەهۆی ناسنامەی کەسایەتی خۆیەوە ڕووبەڕووی غەمێکی زۆر دەبێتەوە، بۆیە هەر لەگەڵ دەسپێکی ئەم ئەوینەدا (مەلا هاجەر) لەوە دڵنیا ئەبێت، کە ئاستەمە بە (بەهار بانۆ) بگات, هەموو ئەو دۆخە کۆمەڵایتیانەی کە مەلایان پەروەردە کردووە لەگەڵ ژینگەی سایکۆلۆجی و بونی ئیمانی خۆیی و پرەنسیپی گوناه و شەرمی (بەهار بانو) و بوونی زۆر شتی تریش ئەوەیان لەمێشکی (مەلای هاجەر) ناوە، کە ناتوانێ بەو ژنە بگات لە واقیعدا, بێ گومان ئەوش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە مەلا دوچاری میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن ببێتەوە و ناچاریش پەنا دەباتە بەر دنیای خەیاڵ و لەوێ بە مەعشوقەکەی دەگات و قەرەبووی ئەو دابڕان و بەیەك نەگەیشتن و حەزوو ئارەزووەکانی دەکاتەوە و لە ئاوی ئارامی ئەخواتەوە هەروەك لە ڕۆمانەکەدا هاتووە: ( مەلا لە هیچ جێگایەکدا ئاماژە بە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان خۆی و بەهاربانودا نادات. کەسێکە بە خەیاڵ ژیاوە, بە خەیاڵ عاشقبووە, بە خەیاڵ لەگەل بەها بانودا خەوتووە.)[٣٣]. وەك دەردەکەوێت کەوا (مەلای هاجەر) زۆر (بەهار بانۆ)ی خۆش ویستووە، بەلآم خۆشەویستیەکەی تاك لایانە بووە و لە واقیعدا نەیتوانیوە بەهۆی کۆمەڵێك هۆکار و کۆسپ و تەگەرە لەو ئافرەتە نزیك بێتەوە، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا دەست بەرداری خۆشەویستییەکەی نەبووە و ئەم حەزوو ئارەزووانەی چەپاندووەو دواتر لە ڕێگە

میکانیزمی خەیاڵکردن درێژەی بەم عیشقەداوەو ویستوویەتی لەو دەرچەوە حەزوو ئارەزووەکانی تێر بکات، ئەمەش لە بواری سایکۆلۆجیدا بە حاڵەتێکی تایبەت سەیر دەکرێت و لێکدانەوەی خۆی هەیە. واتە ( سروشتی تاکی پەیوەست بە سۆز بەهۆی ڕووبەڕو بوونەوەی لەگەڵ ناخۆشییەکان زوو ڕوو دەکەنە میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن، لەکاتی پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی بێ هیواوی و نامرادی خەیاڵکردن و خەون پەرستی سەر هەڵدەدات)[٣٤]. هەروەها (عەلی وەردی)ش دەڵێت: (پیاو ئەگەر حەزێکی قوڵی بۆ ئافرەت هەبێ، وە نەتوانێ بەهۆی بوونی هەر هۆیەك لە هۆیەکان بە ئەڤیندرەکان بگات وەك ناشیرینی ئەوا پەنا دەباتە بەر خەونە کیشۆتییەکان و دنیایەکی تایبەت بە خۆی دەنەخشێنی و خۆی وەك پاڵەوان نمایش دەکات و لەوێ بە جۆرێکی تر لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەژی)[٣٥].

لێرەدا ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت باری دەروونی ئەو کەسەیە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە کەوا ناتوانێ بە ئامەنجەکانی بگات و حەزوو ئارەزووەکانی تێر بکات لە واقیعدا و پێویستییە فیسیۆلۆژی و عاتیفییەکانی دابین بکات، ئەوا ڕوو لە میکانیزمی خەیاڵکردن دەکات و هێزی خەیاڵی بۆ ئەو مەبەستە دەکەوێتە کار و لە وێوە ئامانجەکانی خۆی پێ دەپێکێت، مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە مەلای هاجەر دوای ئەوەی لە دنیای حەقیقەتدا بە مادییەتی (بەهار بانۆ) ناگات, جا بەهۆی هەر بەر بەستێکەوە بێت، ئەوا لە ژێر فشارو پاڵەپەستۆی هێزی خۆشەویستی هەیکەلە مادییەکەی (بەهار بانۆ)ی خۆشەویستی دەچێتە دنیای خەیاڵی، (مەلای هاجەر) لە دنیای خەیاڵیدا بوونی خۆی بەناوی (مەلای سوختە) بۆ عەشقی (بەهار بانۆ) بەرجەستە دەکات تا بەو جۆرەی، کە دەیەوێت لەگەڵ (بەهار بانۆ)دا بژیت، ئیتر ئەم (مەلای سوختەیە) لە دنیای خەیاڵدایە و لە دەرەوەی هەموو کۆسپ و ڕێگرە کۆمەلایەتی و ئایینییەکاندا، ژیان لەگەڵ مەعشوقەکەی بەسەر دەبات. واتە (مەلای هاجەر) و (مەلای سوختە) پێکهێنەری یەك کەسایەتین بە دوو دیوی جیاوازدا، (مەلای هاجەر) دیوە ئاشکرا و ڕاستەقینەکەیە، کە کەسایەتییەکی بەرجەستەیە لە واقیع و کۆمەڵگادا و کەوتووەتە ژێر پرەنسیپە کۆمەلایەتی و ئایینییەکان، (مەلای سوختە)ش دیوی خەیاڵی ئەم کەسایەتییەیە، کە دڵدار و هاوسەری (بەهار بانۆ)یە لە دنیای خەیاڵدا بێ ئەوەی هیچ ڕێگر و کۆسپێك هەبێت لەبەر دەمیدا، هەر بۆیە دەبینین ئەو کەسایەتییە لە ڕێگەی (مەلای سوختە)وە، بەهۆی میکانیزمی خەیاڵکردنەوە لەگەل خۆشەویستەکەی دەژی وەك دوو بوونەوەری خەیالی و بەرهەمی ئەم پێکەوە ژیانەش بوونەوەرێکی تری خەیاڵییە بەناوی (غەزەلنوس)، ئیتر ئەم کەسایەتییە دوو دیوە، هێزی خەیاڵ دەخاتە کار بۆ گوزارشت کردن لە خۆشی و بوونی ئەو ژیانە. لێرەدا دەبینین هێزی خەیاڵ ئەرکی ئەم گوزارشت کردنە ڕادەپەڕێنێت، مەبەستمان لە خەیاڵی لاوەکییە، کە خەیاڵێکی بەرهەم هێنە، ئیتر لە ڕێگەی کۆمەڵێك میکانیزمی دەروونی تری وەك: (قەرەبووکردنەوە و لادان و سەرخستن و گۆڕین) ئەم گۆزارشت کردنە لە فۆڕمێکی هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ناو واقیع، مەلای هاجەریش لە ڕێگەی شیعر نوسینەوە گوزارشت لەم حاڵەتانە دەکات، بەرهەمی هێزی خەیاڵکردنی لە فۆرمی غەزەلدا خۆی دەنوێنێت لە واقیعدا، داهێنانی خۆی لەم ڕووەوە دەخاتە بەر چاو.

**دووەم: غەزەلنوس**

کاراکتەری (غەزەلنوس) یەکێکە لەو کەسانەی کەوا هێزی خەیاڵکردنی هەیە و خاوەنی خەیاڵی بەرهەمهێنە، دوای ئەوەی (مەلای هاجەر) نامەیەك بۆ (غەزەلنوس) دەنوسێت، لێرەدا مەبەستمان لە (مەلای هاجەر) دیوە خەیاڵییەکی ئەم کەسایەتییەیە واتا (مەلای سوختە)، ئیتر لەم نامەیەدا باسی چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ دەکات و

شوێنی نهێنی شیعرەکانی خۆی نیشان دەدات و ڕێنمای دەکات بۆ ئەوەی غەزەلەکانی بخوێنێتەوە، ئیتر ئەمە بۆ غەزەلنوس دەبێت بە خاڵی وەرچەرخان و نامەکەی مەلا هاجەر بۆی بوو بەو دەروازەو سەرەتاییەی، کە پێیدا بڕوات بۆ جیهانی خەیاڵ و ڕوو بکاتە میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن. واتە غەزەلنوسی بۆ قوڵایی خەیاڵکردن پەلکێش کرد و تێڕامان و دنیای سەرنجدانی بەیەکجاری گۆڕی ئەمە لە لایەك، هەروەها لە لایەکی تریشەوە ئەو زەمەنە پڕ جەنگ و بارە کۆمەڵایەتیە دژوارەی کە غەزەلنوس پێ تێدەپەڕی یارمەتی دەربوون بۆ ئەوەی لە واقیع لابدات و نەستیانە سود لە میکانیزمی خەیاڵکردن وەربگرێت بە هێزی خەیاڵکردن بگات.

هەروەك لە ڕۆمانەکەدا هاتووە:( دوای گەیشتنی نامەکەی مەلای هاجەر , بەهمەن بە قۆناغێکی تێفکرینی قوڵدا تێ پەڕی...، غەزەلنوس ویستی بێ زیان لەو جەنگە بجێتە دەرێ، نامەکەی مەلای هاجەر بوارو دەربازێکی سەیر بوو تا لەوێوە ڕوو بکاتە خەیاڵ..)[٣٦]. کاراکتەرەی (بەهمەن) کە دواتر ناوی دەگۆڕێت بۆ غەزەلنوس دوای ئەوەی کەوا (مەلای هاجەر) نامەیەکی بۆ دەنێرێت، پاش خوێندنەوەی نامەکەو دۆزینەوەی غەزەلەکانی (مەلای هاجەر)، (غەزەلنوس) ڕامانەکان و وردبونەوەی قوڵترو پڕ ڕەنگتربوون, ئەم تێڕامانە بەهمەنێکی سادەو ڕەنگ کاڵ دەکاتە خاوەنی هێزی خەیاڵکردن و دەیباتە ناو دنیای خەیاڵ لەولاوە بە غەزەلنوسێکی ئاڵۆزو پڕ ڕەنگتر دەگەڕێنێتەوە، ناسنامەی شاعیرێکی بە توانای پێ دەبەخشێت، بەو واتایەی موتاڵاکردنی زۆری بەهمەن لەسەر غەزەلاکانی (مەلای هاجەر) و لەبەر کردنی شیعرەکانی (مەلای هاجەر) بەهمەنی توشی تێڕامان و خەیالات کردو بەهمەنێکی غەزەلنوسی بەرهەم هێنا. ئەمەش دۆخێکی ئاساییە، چونکە مرۆڤ بە دەروونێکی خاڵی و خەیاڵێکی خاڵی و دەماغیکی خاڵی لە دایك دەبێ، لە ڕووی نافیزیکییەوە مرۆڤ کاتی لە دایك دەبیت ئامادەباشی و ڕەمەکی پێویستی هەیە بۆ خوێندن و خەیاڵکردن، بەڵام ئەمە دەبێت لەگەڵ گەورەبوون لە ڕێگەی ئەزموون و ئاوێتەبوون لەگەڵ ژینگە پڕ بکرین و بارگاوی بکرێن، لەئەنجامی پاڵەپەستۆی دەورووبەرو ژینگەی ژیان و پێگەی کۆمەڵایەتی و خوێندن و مومارەسەکردن و نیگاو تێڕامانەوە توانا خەیاڵیەکان فراوان دەبن و شتێك دروست دەبێ بەناوی هێزی خەیاڵکردن. بەمەش داهێنان دیتە کایەوە, هەروەك (عەلی وەردی) دەڵێت: ( کاتێك کە نوسەر زانیاری خەزن کرد لە ئەقڵی ناوەوەیدا و وازی لێ هێنا هەتا بپێکێت و تێکەڵ بن بە یەکتری دوای ئەوە هەست بە پاڵنەر دەکات بۆ نوسین, حەز دەکات لە نوسین بەردەوام بێت تا دەمرێت.)[٣٧]. واتا وەرگرتنی زانیاری و خوێندنەوە و حەزی نوسین ڕۆڵی لە بەهێزکردنی پاڵنەری دەربڕین هەیە، جا بەهەر جۆرێك بێت. هەروەها سەبارەت بەوەی کە شاعیر چۆن چۆنی هۆنراوە دەنوسێت، دەڵێت: (شاعیر دەبێت شیعرێکی زۆر لەبەر بکات, پێش ئەوەی ببێتە شاعیر, شتێکی نەشیاوە، گەر کەسێك هۆنراوی لەبەر نەکردبێ، یاخود حەزی لە هۆنراوە نەکردبێ لە خۆیەوە ببێ بە شاعیر, ئەو شیعرانەی کەوا لە بەری کردوون دەچنە قوڵای عەقلی باتینی لەوێ هەڵ دەگیرێن, پاش ماوەیەك ئەم شیعرانە تێکەڵ بەیەکتری دەبن و کار لە یەکتری دەکەن شیعری نوێیان لێ دروست دەبێت)[٣٨]. ئەمە سەرەڕای کۆمەڵێك پاڵنەرو میکانیزمی تر، کە شاعیر بۆ نوسینی شیعر دەگرێتە بەر، ئەم بۆچوونەی (عەلی وەردی) لەسەر غەزەلنوس جێ بەجێ دەبێت. دەبینین کەوا (غەزەلنوس) بەهۆی خوێندنەوەو لەبەرکردنی غەزەلەکانی (مەلای هاجەر) بوو بە خاوەنی هێزی خەیاڵکردن, دوای ئەوەی غەزەلنوس شیعرەکانی (مەلای هاجەر) لەبەر دەکات و کات و مێشکی خۆی بە خەیاڵ و بیرۆکەی غەزەلەکان بارگاوی دەکات و توانا نەستییەکانی دەکەونە کارو دەبیتە خاوەنی دنیایەکی پڕ لەهێزی داهینان، توانای نوسینی غەزەل و شیعردانانی بۆ دروست دەبێت.

## سێیەم: تریفە یابەحریە

(تریفە یابەحری) یەکێکی ترە لە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە و بەهەمان شێوەی (غەزەلنوس) بوونەوەرێکی خەیاڵییە و بەرهەمی پەیوەندییە خەیاڵییەکانی دایکییەتی، ئیتر ئەم کاراکتەرە دوای هەرەس هێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی, هەستکردنی بە نەبوونی پەناو ئینتیمایەکی عاتیفی بۆی لە واقیعدا و بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئەو بارە دەروونیانەی، کە پێدا تێ پەڕیوە ڕوو دەکاتە جیهانی خەیاڵ تا لەوێوە ببێتە خاوەنی ناسنامەیەکی تر و کەسایەتیەکی بە وجودو ئەکتیڤ, هەروەك لە ڕۆمانەکە وێنەی بۆ کێشراوە (تریفە یابەحری) کچێکی ناشیرینە و لە ڕووی جەستییەوە جوانییەکی هەست پێ کراوی نییە، بەو واتایەی خۆی هەست بەمە ئەکا، کە خاوەنی جوانیەکی وەها نیە سەرنجی دەوروبەری بە لای خۆیدا کێش بکات, ئەمەش لە ڕووی سایکۆلۆجیەوە لێکدانەوەکی تری بۆ کراوە, کە هەمیشە ئەو کەسانەی هەست بە کەمی و ناشیرینی دەکەن هەر زوو پەنا دەبەنە بەر دنیای خەیاڵ دەیانەوێت لەوێوە قەرەبووی هەموو حەزو ئارەزووەکانیان بکەنەوە. واتە ( تاك کاتێ هەستی کرد بە ناتەواوی و ناشیرینی خۆی بۆ ڕزگار بوون لەم دۆخەی خۆی هەر زوو پەنا بۆ خەیاڵ و خەونە کشۆتییەکان دەبات و ناشیرینی و ناتەواوی خۆی پێ تەواو دەکات و قەرەبووی خۆی بە جۆرێکی تر دەکاتەوە)[٣٩]. لێرەدا بەرامبەر بە کاراکتەرەی تریفە کاراکتەرێکی تر ئاماژەی پێ کراوە کە هاودژە لە سیفەتدا لەگەڵ (تریفە)دا، ئەویش کەسایەتیەکی وەکو (مەهناز)ە، کە خاوەنی جوانی و دەوڵەمەندییەکی بێ وێنەیە و پەنا ناباتە بەر ئەو میکانیزمی خەیاڵکردنە چونکە شتێك نیە حەزی لێ بووبێ بۆ بەدەست هێنانی شکستی هێنابێ و ئینجا ڕوو بکاتە دنیای خەیاڵ تا لەوێوە قەرەبووی شکست هێنانەکەی بکاتەوە, هەر بۆیە هەموو ئەوانەی، کە لەم قاڵبەدان، ئەگەر بڕۆنە ناو دنیای خەیاڵیش نازانن بۆچی چوونەتە ناو ئەم دنیایەو دەیانەوێت چی دەستەمۆ بکەن؟ بۆیە (مەهناز) خاوەنی خەیاڵ نیەو تەنانەت دوای وانەکانیش خەیاڵی بەم جۆرە گەشە ناکات و بگرە هەر لە سنورێکی دیاریکراودا دەمێنێتەوە، بەڵام (تریفە) و هەموو ئەوانەی هاوشێوەی ژیانن لەگەڵ (تریفە یابەحری) زۆر شکست هەیە، کە دەیەوێت قەرەبووی بکاتەوەو زۆر شتیش هەیە دەستی نەکەوتووە و ئیستا دەیەوێ لەناو دنیای خەیاڵدا دەستەمۆی بکات، ئەگەر فشاری زۆری دەوروبەر و کۆمەڵگا ببێتە مەترسی بۆ سەر تاك، ئەوا ڕەمەکی ژیان ئەو تاکە ئەخاتە ناو خەیاڵکردن تا لە وێوە ڕزگاری بکات و درێژە بە ژیانی بدات، ( کاتێك پاڵە پەستۆ و گیروگرفتەکانی ژیان لەسەر خودی مرۆڤ زۆر دەبن و هەڕەشە لە بوونی دەکەن، لەم کاتەدا مرۆڤ ناچار دەبێت پەنا بۆ خەیاڵ و فەنتازیا و زیندەخەون ببات کە جیهانێکە پریەتی لە پاڵەوانبازی و تێرکردنی حەزوو ئارەزووەکان )[٤٠].

ئیتر هەریەکە بەپێی حەز و ئارەزووەکانی خۆیی و بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی پەنا بۆ خەیاڵکردن دەبات و قەرەبوی کەم و کوڕیی و پێویستی خۆی دەکاتەوە، بۆ ئەمەش کەرەستەیەك ئەبات بۆ دنیا خەیاڵیەکەی خۆی لەوێ گۆڕانکاریەکی قوڵ و وردی بەسەر دادێنێت، کە هەندێ جار کەرەستەکە بە پڕ ڕەنگترو بەهادارتر دەگەڕێتەوە ناو واقیع, خەیاڵ داهێنانێکی تری لێ موتربە دەکات. هەندێ جاریش بە ئیفلیجی دەگەڕێتەوە.

دوای ئەوەی مرۆڤ توانا نەستیەکانی تێکەڵ بەخەیاڵکردنی خۆی کرد، ئیتر مرۆڤ دەبێتە خاوەنی خەیاڵی بەرهەمهێن، هەر کەرەستەو دیاردەیەك لەم جیهانەدا چ گوڵ بێت, چ داروبەرد بێت, چ هەتاو و مانگ بێ بچێتە خەیاڵی ئەو مرۆڤ بە مەفهومێکی جوان و کامڵ دەگەڕێتەوە، لەو ڕووەوەشەوە وەك دەبینین (تریفە یابەحری) مافورێکی سادەو ئاسایی وەك دەروازەیەك بەکاردەهێنێت و دەیبات بۆ جیهانی خەیاڵی خۆی و لەوێوە هەموو توانایەکی نەستی و هێزی خەیاڵی خۆی دەخاتە کارو وێنەیەکی سحراوی لەم مافورە دەنەخشێنێت و وەك تابلۆیەکی

هونەری دەیگەڕێنێتەوە بۆ ناو واقیع و دەیکات بە جێی سەرسوڕمانی دەوروبەرەکەی و بەمەش بوونی خۆی بەم شێوەیە دەسەلمێنێتەوە و لە ڕێگەی جوانکاری و نەخشەسازی و وێنەکێشانی سەر مافورەکان قەرەبووی نا تەواوی و ناشیرینی خۆی دەکاتەوە.

## چوارەم: ماجەلانی خەیاڵ

(ماجەلانی خەیاڵ) کەسایەتیەکی تری ناو ڕۆمانەکەیە، حەزو ئارەزوویەکی قوڵی بۆ خۆشییەکانی دنیا هەیە، بەڵام هەژاری دەبێتە ڕێگر لەبەردەم تێرکردنی حەزو ئارەزووەکان و دەست خستنی پێویستییەکانی، بۆیە بەناچاری پەنا دەباتە بەر میکانیزمی خەیاڵکردن لەوێدا تەواوی ئاواتەکانی دەهێنێتە جێ, هەروەك خۆی دەڵێت: ( بەدرێژایی ژیانم حەزم لە جلی جوان کردووە, حەزم لەوەیە قژم ڕێك بێت, قامەتم قنج بێت, ڕێك پۆشبم و بە ویقارەوە کتێبێك بخەمە بن دەستم یان جانتایەکی دبلۆماسی هەڵگرم و بەشاردا لەم سەرەوە بۆ ئەمسەر پیاسە بکەم. لە منداڵییەوە حەزێکی کوشندەی سەفر کردنم تێدایە, بەڵام بێپارەیی و بێکەسی بەم شارە ناشیرینەوە گرێیان داوم...، لەم ساڵانەی دواییدا هاوڕێکانم هەموویان ڕۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات و من بە تەنیا مامەوە. من بیرم لەو کردەوە بە جۆریکی دی سەفەر بکەم, نەخشەیەکی خەیاڵیم دروست کرد, نەخشەی سەر زەمینێکی خوڕافی, نەخشەیەك تەنیا لە سەری مندا هەیە,..)[41]. ئیتر ئەم کاراکتەرە بەهۆی کۆمەڵێ مەراقەوە، پەنا دەباتە بەر خەیاڵکردنەوە بە مەبەستی تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانی, بۆ ئەو مەبەستەش بەسەر هەموو کیشوەرو دەریاو دنیادا گەشت دەکات وە هەموو مەراق و حەزی کوژراویشی قەرەبوو ئەکاتەوە, هەر بۆیە (مرۆڤ بە پەنا بردنە بەر هێزی خەیاڵ دنیایەکی دروستکرای پر لە خۆشی و سەرکەوتن بۆ خۆی بنیات دەنێت، کە لە دەرەوەی هێز و توانای خۆیەتی لە واقیعدا، مرۆڤ لە ژیانی خەیاڵی خۆیدا دەستەڵات و توانایەك بەدەست دێنێ کە لە ژیانی راستی خۆی ناتوانێ پێی بگات)[42]. (ماجەلانی خەیاڵ) حەزی زۆری بۆ هیزو دەستەڵات و توانای گەڕان و سەفەرکردن دەخاتە دۆخی چەپاندنەوە، بەهۆی هەژاری و نەبوونی توانا و دەستەڵاتەوە، بەڵام دواتر هەوڵدەدات لە ڕێگەی میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردنەوە مومارەسەی ئەم حەزەی بکات، بەمەش جیهانە لەبن نەهاتووەکەی خەیاڵی خۆشی ئەدۆزێتەوەو ئەبێتە یەکێك لەو کاراکتەرانەی کەوا خەیاڵی بەرهەم هێنی هەیە. ئیتر هەریەکە لە کاراکتەرەکان بە ڕێگای تایبەتی خۆیان و شێوازی جیاجیاوە هۆکارێك وەك دەروازەیەك بەکار دێنن بۆ چوونە ژوورەوە لە دنیای خەیاڵکردنی بەرهەم هێن. واتە هەر یەکەیان بە پێی پیویستی دەروونی خۆیان و باری کۆمەڵایەتیان ئەو هێزە بەکار دەخەن, دواتر هەموویان لەخاڵێکدا بەیەك دەگەن و ئامانجەکانیان بەرەو یەك مەڵبەند ئاراستە ئەکەن, بەمەش توانای داهێنا گەورە تر دەکەن, پرۆژەی فیکری و وێنەی خەیاڵی جوان و نامۆ ئەنەخشێنن.

وەك دەبینین، ڕۆماننوس بە شێوازی جیاجیا وێنەی خەیاڵە جۆر بەجۆرەکانی مرۆڤ دەکێشێت لە ڕۆمانەکەیدا, خەیاڵە قوڵەکانی مرۆڤ, خەیاڵە سادەکانی مرۆڤ, خەیاڵە دەبەنگەکانی مرۆڤ, خەیاڵ بەرهەمدار و بێ بەرهەمەکانی مرۆڤ, هەر جۆرێك لە جۆرەکانی خەیاڵ بەپێی کەسەکان دابەش دەکات, وە بەشێوەیەکی هونەری شەقام و کوچەکان و شوێن و ئاراستەو مەبەستی خەیاڵی هەریەکەیان و چۆنیەتی ئیش کردنی خەیاڵی هەریەکەیان نیشاندەدات. وە خەیاڵی هەریەکەیان لە ڕۆح لەبەرەکان دەخاتە کارو داهێنانیان لێ بەرهەم دێنێت.

لەهەمان کاتیشدا وێنەی ناشیرین و نەزانین دەکێشێت، کە لە ئەنجامی نەبوونی هێزی خەیاڵەوە سەرچاوەی گرتووە, بەو واتایەی ئەو وێنەیە دەبینین کە نەبوونی خەیاڵ نەخشەی کێشاوە, ئەو مرۆڤانە وەك توشبوو بە پەتایەك

دەخاتە ڕوو، کە لە ئەنجامی نەبوونی هێزی خەیاڵێکردن توانای هەستکردنیان بەرامبەر بەهیچ شتێك نیە، نە بە خۆشەویستی، نەبە دارو بەرد، نە بە گوڵ, بۆیە کەرەستەکان لای ئەوان بە ئاراستەی ستاتیکیانە وێنەی نوێی لێ دروست ناکرێت و لەبەرگی سادەی خۆیان ناهێنە دەرەوە.

## ئەنجام

١- نامۆبوونی ڕۆماننووس لە نەنگییەکانی پێوەری واقیع و ژینگەی نەشیاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی بووە بە هۆکارێکی بەهێز بۆ ئەوەی نووسەر میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن بەکار بێنێت، لەو ڕێگەیەشەوە ویستوویەتی بوار بۆ توانای داهێنان و بیرۆکەکانی خۆی برەخسێنێت.

٢- پەنا بردنی ڕۆماننووس بۆ میکانیزمی خەیاڵکردن هۆکاری سایکۆلۆژی و نائاگاییانەی نووسەری لە پشتەوەیە، کە ئەم میکانیزمە ڕاستەوخۆ ڕۆڵی لە گێڕانەوەی هاوسەنگی باری دەروونی نووسەر هەیە. ئازادی بۆ گۆشەی (Id) ی کەسایەتی نووسەر ڕەخساندووە بۆ دەرباز بوون لە بازگەی گۆشەی (Super Ego)وە.

٣- بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا ویستوویەتی لە ڕێگەی خەیاڵکردنی کاراکتەرەکانەوە لە واقیع لابدات و ڕوو بکاتە مێکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن، تا بەهۆیانەوە چەند ئامانجێك بپێکێ، لەوانەش وەك تێرکردنی حەزووئارەزووە چەپێنراوەکان و گوزارشتکردن لە پێویستییەکانی خۆی و ڕەخنەگرتن لە هەندی لایەن و بارودۆخی واقیعی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری تاکی کورد.

٤- دنیای واقیع و دنیای خەیاڵ دوو تەوەرەی سەرەکی بەردەوامی ناو ڕۆمانەکەن، کە نوسەر هەستاوە بە پەراوێز خستنی واقیع لەبەر کۆسپ و تەگەرەکانی ژیان و کاری ناڕاستی مرۆڤەکان، لە بەرامبەریشدا دنیای خەیاڵی پەرەپێداوە، ئەو مرۆڤانەی کە خاوەنی هێزی خەیاڵن بە داهێنەرو بەرهەمهێنی لە قەڵەمداون، کە ئامانج و ئارەزووەکانیان بەشێوەیەکی تر لە دنیای خەیاڵدا جێ بەجێ دەکەن، وە بە شێوەیەکی ئەدەبی و هونەری گوزارشتی لێ دەکەن.

## پەراوێزەکان


١. ئالفەرد ئادلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، وەرگێرانی سیدۆ داود عەلی - فرمێسك رزگار محمد، چ/ یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٦٩.

٢. أفلاطون، جمهورية افلاطون، ت: د. فؤاد زكريا، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٨، ص٣٦٦.

٣. ارسطوطاليس، فن الشعر، ترجمة شرحه عبدالرحمن بدوي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٥٣، ص٤٧.

٤. د. فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣١.

٥. موريس بورا، الخيال الرمانسي ، ، وەرگێرانی لە عربییەوە، ڕێزان محمد غفور ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە شیعری کوردیدا لە (١٩١٨–١٩٤٥) نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٥، ل ٢٠ –٢١

٦. د. شکری عزیز الماچی، تیۆری ئەدەب، وەرگێرانی پ.ی.د. سردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠، ل٥٩.

٧. ڕێزان سالح مەولوود، ئەندێشەی شیعریی لە نێوان ڕێبازی کلاسیك و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خواروودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٥.

٨. کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا)، چاپخانەی زانکۆی سلیمانی، ١٩٧٩، ل٢٦٥.

٩. پ.ی.د. هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکراوە موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٦٠.

١٠. ئالفەرد ئادلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، ل٧٨.

١١. د. عەلی وەردی، خەونەکان لەنێوان بیروباوەڕو زانستدا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلیمانی، ٢٠٠٥، ل١٠٣.

١٢. ئالفەرد ئادلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، ل٨٠.

١٣. د. محەمەد عەلی ئەحمەد وەند، ناسینی بیری مرۆڤ میکانیزمی بەرگری دەروونی، وەرگێرانی، حەمە ڕەشید حەسەن، چاپی یەکەم، چاپەمەنی سایە، سلیمانی، ٢٠٠٩، ل ١٣٢.

١٤. هەمان سەرچاوە ل ١٣٤.

١٥. سابیر بۆکانی، لە نێوان هەست و نەستدا، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦، ل٥٨.

١٦. ئالفەرد ئادلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، ل ٨٠.

١٧. د. محەمەد عەلی ئەحمەد وەند، ناسینی بیری مرۆڤ میکانیزمی بەرگری دەروونی، ل ١٣٤.

١٨. محەمەد چیا، فەرهەنگی فەلسەفی، سلیمانی، ٢٠٠٤، ل١٨٤.

١٩. پ.ی.د. هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی دووەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٠٧.

٢٠. چەمکی کەسایەتی لە ڕوانگەی فرۆیدەوە خۆی لە سێگەشەیکی دژیەکدا دەبینێتەوە، بەم پێیە کەسایەتی لەسێ بەش پێك دێت، کە ئەم دابەشکردنە دەرگایەکی تری لە ڕووی لێکۆڵینەوەی کەسێتی مرۆڤ واڵا کرد، دروستکردنی ڕێگایەکی نوێبوو بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتارە جۆر بەجۆرەکانی تاك، دەتوانین لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی مرۆڤ بگەین لە بە پشت بەستن بەو ململانێیانەی کە لە نێوان ئەم سێ ئاستەی هەستدا دروست هەیە، کە ئەوانیش ئەمانەن: (Super Ego ،Id ،Ego) ئەم سێ وشە بەرامبەر بە (الانا، الهو، الانا العلیا)ی عەرەبی دەوەستن، کە لە کوردیدا جگە لەم سێ وشەیە وشەی تریش هەن کە بۆ هەمان مەبەست بەکارێن، لە فەرهەنگ و سەرچاوە کوردییەکان و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، هەروەها لە لێکۆڵینەوەی توێژەرەکانیشدا جگە لەم وشانە ئەمانەش بەکار هاتوون وەك: (خود و ناخود و کەڵە خود) ، (خۆمەکی و خۆیەکی وخۆمەکی باڵا) ، (خودونزمە من و بەرزە من).

٢١. منی باڵا (Super Ego)ئەمە بەشی سێمی کەسایەتییە بەلای فرۆیدەوە کە مەڵبەندی هەموو لایەنە بەرزەکانی ئاکارو بەها کۆمەڵایەتی و ئایینیەکانە، بە پێچەوانەی گۆشەی ئەو "Id" فشار دەخاتە سەر گۆشەی من "Ego"، لە ژێر پەرنسیپی سزاو پاداشت کار دەکات، دوای ئەوەی کە حەزوو ئارەزوویەك لە "ئەو"ەوە بەرز دەبێتەوە ئەوا لە بازگەی منی باڵا (Super Ego) ڕادەگرێت و دوای پێوانە کردنی ئەم حەزوو ئارەزووە بە پێوەری پەسەند و ناپەسەند ئینجا بڕیاری دەرچوون یان گەڕانەوەی بەسەردا دەدرێت.

٢٢. من (Ego) ئەم بەشە نوێنەرایەتی ڕووە دیارەکەی مرۆڤ دەکات ، واتا کەسە بینراوەکەی ناو ژینگەو کۆمەڵگایە، کە خودی ئەو کەسە دەگرێتەوە کە لە ناو کۆمەڵگادا خۆی نمایش دەکات و تاکەکانی دەووروبەر هەستی پێ دەکەن، گۆشەی "من" ڕۆڵی ڕێکخەری ئەو فشارو داواکاریانە دەبینێ کە لە هەردوو گۆشەی تری

"ئەو" و "منی باڵا" ئاراستەی دەکرێن، بە پێی گونجانیان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگا ڕێگای دەرچوونیان پێ ئەدات، هەروەها من "Ego" ئەو بەشەیە کەسەر بە هەر دوو جیهانی "ئاگایی" و "نائاگایی" یە.

٢٣. ئەو (Id) ئەو بەشەیە لە کەسایەتی کە لە دەروونشیکاریدا گرینگییەکی زۆری پێ دەدرێت، بەشێوەیەکی ورد و بەرفراوان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، گۆشەی ئەو "Id" ئەو هۆڵەیە کە هەموو حەزوو ئارەزووەکانی تێدا کۆ بۆتەوە، چاوەڕێی هەڵی دەرچوون و تێر کردنیان دەکەن واتا گۆشەی ئەو "Id" هەموو پێویستییەکان و حەزە ئاژەڵییەکان و هەروەها ئەو ئارەزووانەی کە تاك نەیتونیوە لە ژیاندا تێریان بکات، ئەوا لە کۆگایەکدا هەڵگیراون بە ناوی (ئەو "Id" )، هەمیشە هەوڵی دەرچوونی خۆیان دەدەن جا ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگای تری وەك (خەیاڵکردن و خەون و نەخۆشی و هەڵەی زمان و داهێنانی هونەری و بەرهەمی ئەدەبی) کە حەزەکانی ناو ئەو "Id" لەم دەرچەیەوە هەوڵی تێر بوونیان ئەدەن.

٢٤. د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١١٤.

٢٥. ئورایزن سویت ماردن، سەرکەوتنی بیر، ورگێرانی ڕێباز مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاند، سلیمانی، ٢٠٠٨، ل ١٤٥.

٢٦. ئازاد ئەحمەد محمورد، شەش لێکۆڵینەوەی شیعری، چ/ یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاو کراوە ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٢١.

٢٧. ئورایزن سویت ماردن، سەرکەوتنی بیر، ل ١٤٥.

٢٨. بەختیار عەلی، ڕمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی، ٢٠٠٧، ل٥٩٠.

٢٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩٠.

٣٠. هەمان سەرچاوەی ، ل٢١٦ –٢٠١٧

٣١. هەمان سەرچاوەی ، ل ٢١٦.

٣٢. هەمان سەرچاوەی ، ل٦٩.

٣٣. هەمان سەرچاوەی ، ل٧٠.

٣٤. د. محەمەد عەلی ئەحمەد وەند، ناسینی بیری مرۆڤ میکانیزمی بەرگری دەروونی، ل١٣٢.

٣٥. د. عەلی وەردی، خەونەکان لە نێوان بیروباوەڕو زانستدا، ل١٧١.

٣٦. بەختیار عەلی، ڕمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، ل١٠٧–١٠٨

٣٧. د. عەلی وەردی، کارە نائاساییەکانە نەست، وەرگێرانی بەرزان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا، سلیمانی، ٢٠٠٤، ل١١٥.

٣٨. د. عەلی وەردی، خەونەکان لە نێوان بیروباوەڕو زانستدا، ل١٧١.

٣٩. هەمان سەرچاوە، ل١٧٠.

٤٠. د. کریم شریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٣١٩

٤١. بەختیار عەلی، ڕمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، ل١٨.

٤٢. د. محەمەد عەلی ئەحمەد وەند، ناسینی بیری مرۆڤ میکانیزمی بەرگری دەروونی، ٥٩.

## سەرچاوەکان


١. ارسطوطاليس، فن الشعر، ترجمة شرحه عبدالرحمن بدوي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٥٣.

٢. ئازاد ئەحمەد محمورد، شەش لێکۆڵینەوەی شیعری، چ/ یەکەم، دەزگای چاپ وبلاو کراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣. ئالفەرد ئادلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، وەرگێرانی سیدۆ داود عەلی ـ فرمێسك رزگار محمد، چ/ یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٤. أفلاطون، جمهورية افلاطون، ت: د. فؤاد زكريا، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٨.

٥. ئورایزن سویت ماردن، سەرکەوتنی بیر، ورگێرانی ڕێباز مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی راند، سلیمانی، ٢٠٠٨.

٦. بەختیار عەلی، ڕمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی، ٢٠٠٧.

٧. پ.ی.د. هیمداد حوسین، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکراوە موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧.

٨. پ.ی.د. هیمداد حوسین، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی دووەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، ٢٠٠٧،

٩. د. شکری عزیز الماچی، تیۆری ئەدەب، وەرگێرانی پ.ی.د. سردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠.

١٠. د. عەلی وەردی، خەونەکان لە نێوان بیروباوەڕو زانستدا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلیمانی، ٢٠٠٥.

١١. د. عەلی وەردی، کارە نائاساییەکانە نەست، وەرگێرانی بەرزان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا، سلیمانی، ٢٠٠٤.

١٢. د. فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٣. د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١١٤.

١٤. د. کریم شریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٥. د. محەمەد عەلی ئەحمەد وەند، ناسینی بیری مرۆڤ میکانیزمی بەرگری دەروونی، وەرگێرانی، حەمە ڕەشید حەسەن، چاپی یەکەم، چاپەمەنی سایە، سلیمانی، ٢٠٠٩.

١٦. ڕێزان سالح مەولوود، ئەندێشەی شیعریی لە نێوان ڕێبازی کلاسیك و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خوارووداٍ، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩..

١٧. سابیر بۆکانی، لە نێوان هەست و نەستدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦.

١٨. کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا)، چاپخانەی زانکۆی سلیمانی، ١٩٧٩،

١٩. محەمەد چیا، فەرهەنگی فەلسەفی، سلیمانی، ٢٠٠٤.

٢٠. موریس بورا، الخيال الرمانسی ، ، وەرگێرانی لە عربییەوە، ڕێزان محمد غفور ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە شیعری کوردیدا لە (١٩١٨–١٩٤٥) نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٥.

## الملخص

## الية الخيال في رواية "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ"

هذا البحث طريقة لبيان تأثير الية الانحراف في الواقع والانصراف الى الية الدفاع النفسي للتخيل في رواية "غةزةلنوس و باغةكانى خةيالَ" لكاتب "بختيار علي". ومن ثم أثار الى قوة الخيال كاحدى الابعاد اللافيزيكيية لدى الانسان، الذى له دور مهم في مجالات السيكولوجية والادبية والفنية. ومن هنا لاينظر الى التخيل كسمة طبيعية الانسان، بل الغرض منه ذلك الخيال المنتج الذي هو الية من الجهة السيكولوجية يقوم بأرجاع حالة التوازن النفسي للأنسان، وذلك عن طريق التعويض واشباع الرغبات والحاجات المكبوتة. وعلى صعيد اخر هوتلك القوة التي تكون مصدرا لخلق صور والعبارات الجديدة وكذلك الابداع النتاجات الادبية والفنية في الوقت نفسه. وثمة وجود كبير لألية التخيل ضمن هذه الرواية. مع كل هذا أشار الكاتب الى قوة الخيال عن طريق الشخصيات المختلفة ويعرض النتاجات الفنية والادبية والتي عن طريقها ابتدعت الشخصيات وكذلك ألقى الضوء على تباين النفسيات لهذه الشخصية التي يمتلك قوة الخيال وكذلك تلك الشخصية لايمتلك الخيال المنتج، مع ألقاء الضوء على الغايات والاغراض المختلفة التي أراد الكاتب أن يبينهم عن طريق خيال الشخصيات.



## Abstract

## Mechanism of imagination in "The poem writer and imagination gardens" novel

This study is a means of illustrating the influence of deviation mechanism in reality and relying on defense mechanism of imagination in Bakhtyar Ali's novel: "Poet and imagination gardens". The study signals the power of imagination as one of the abstract dimensions of human beings that plays an important role in literature, psychology and art. Here, imagination is not a natural habit, but a creative power that has two major roles. Firstly, it brings back psychological balance to individuals. Secondly, it is a source of forming images, new expressions, creativity and literary works. Imagination mechanism is central in "Poet and imagination gardens" novel. The writer, through the characters, marks the power of imagination in producing literary and artistic works. The current study, also, lays emphasis on the psychological differences among those who have the power of imagination and those who have not this power.